# شێخی ئیشراق

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شێخی ئیشراق

دوکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

ناوی کتێب: شێخی ئیشراق
نووسینی: دوکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٥٦
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەهەند سەرتیپ
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٠٤ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## سەرەتا

بەناوی خوای بەخشەرودلاوا

کوردستان ئەو بەهەشتە ڕەنگینە، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامەتی و، لە هەر دەورانێکدا، لە هەر چەشنە زانین و هونەرێکدا کە باوی ڕۆژ بووبێ، بەدەیان کوردی زانا و سەنگین و بیرورد و دەسڕەنگین هونەرنومایییان تێدا کردووەو ناویان دەرکردووە، تەنانەت زۆر لەو کوردە بەناوودەنگانەی کە ناچار بوون بە زمانی بێگانە، بنووسن و بێگانەکە لەسەر خۆی حیسابی کردوون و ناوی کوردی لێ سڕیونەتەوە. یا بە فەرموودەی حاجی قادری کۆیی (لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی) بەڵام ئەگەر (لە هەشتێك مشتێك) و لە (کۆشکێ خشتێکیش) ماوە، هێشتا هەر زۆر دەوڵەمەندین. بە واتایەکی تر سەرەڕای ئەمانەش کە لە کورد داگیر کراون، هێمان لە سەر ڕووپەڕەی مێژووی گەلە بێگانەکاندا، هێندەمان کوردی دانا و زانا ماون کە خۆیانیان پێوە ڕابنێین و بەڕاشکاوی بەدنیا بڵێین ئێمەیش لە کاروانی ژیار و شارستانیەتی مرۆدا دەسە چیلەی خۆمان هێناوە. بۆ وێنە:

١- لە سەحابەی پێغەمبەری ئیسلام زاتێکی وەك: جابان کوردی و ئەبو بەسیر ئیبنی جابان کوردی کە ئەبوو بەسیر بن جابان کوردی بۆتە هۆ کە ئەم مادە: (هەر کەس موسڵمان بێ، دەبێ پێغەمبەر بیداتەوە دەس کافران) لە ڕێککەوتننامەی حودەیبیە. بەسوودی ئیسلام هەڵوەشێتەوە (بڕواننە پیتی ج الاصابە نووسراوی حافز کوڕی حەجەر عەسقەلانی، تەفسیری روحولمەعانی بەرهەمی عەللامە شەهابەدین مەحموود، تەبەرانی، سەغیر و کەبیر، (بڕواننە پەند یا ئەمسالی قورئان لە باسی حەجی عەمرەدا نووسراوی شەپۆل، چاپی ١٣٦٢ پەڕەی ١١٩ تا ١٥٤)

-٢- لە زانایان کە کوڕی خەلدون (ابن خلدون) لەسەر زانایی و خزمەتی کوردان شایەدی داوە و نووسیویەتی: ... بنچینەی پێگەی زانین و ئەدەب چوار کتێبە، دوانیان کورد نووسیویەتی:

١ - ئەدەبولکاتب نووسینی کوڕی قوتەیبەی دینەوەری، کوردی لای کرماشان.

٢- نەوادر نووسینی ئەبو عەلی ئیسماعیل قالّی دیاربەکریی کورد.

«پەڕەی ١١٧٥ مقدمەی ابن خلدون ج ٢» چاپی چوارەمی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ڕیسالەی تاریخی علوومی ئیسلامی نووسینی دوکتۆر جەلال هومایی کە نووسەری ئەم دێرانە ئەم ڕیسالەی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی و (دانشکدەی قضایی و خدماتی ئیداری) لە تاران بە دەرس وتوەتەوە.

- یا زانایەکی وەك ئەبو حەنیفە دینەوەری کە عیلمی (بیرکاری) ریازی و گیاناسیی هێناوەتە نێو فەرهەنگی ئیسلامی و ئەم فەرهەنگەی پێ غەنی کردووە و لەو زانستانەدا خاوەن بیروڕا بووە و کەشفیاتێکیشی لە زانینی کیمیادا هەیە، عەبدوسەلام ماردینی عیلمی (بیرکاری) و گیاناسیی هێناوەتە نێو فەرهەنگی ئیسلامی و ڕۆژگارێکیش سەرۆکی زانینگەی قاهیرەی شاری میسر بووگە - ئیمام ئەورەحمان خازینی، کوڕی ڕەسووڵی زەکی سابڵاغی، ڕیازی زانانی ناودار، محیدینی خەلاتی کە لە دانانی رەسەد خانەی مەراغا هاریکاریی خواجە نەسیری تووسیی کردووە- (قاضی القضاة علاّمة کمال الدین) هەولێری کە بە (قدوة المحققین، سلطان الحکما) ناودارە کە لە عیلمی ڕیازیشدا هەر شەپۆلی داوە - (ابن الحاجب) شارەزووری دانەری (صرف و نحو و اصولی فقه) ئیسلامی، عوسمان ناودار بە کوردی جنی دانەری (فقه اللغه)، ئەم زانا کوردانە تەنانەت (بین، سیلاب، لەت، سریچکا و مەقتەعی واژەیان لە زبانی عەرەبیدا دیاری کردووە - کە لە زمانی کوردیدا ئەگەر دوو حرف و یەك بین بن

١– چڕ، دڕ، پڕ، بڕ، چو، مو، شو، تو، دو، تۆ، دۆ، هۆ، مس، کز، مژ، دژ، دش، مر.

٢– سێ (حرف) بن، سێ پیتی وەك داو، ڕاو، چاو، خاو.

٣– دو بین و چوار (حرف) بن وەك: باوك: (با+وك) – مامر: (ما+مر) – پێنج پیتی بن وەك: هاوار: (ها+وار). نەخۆش: (نە+خۆش).

شەش پیتی وەك: هەنجیر: (هەن+جیر).و...

٤– سێ بین بن وەك: ئارەزو (ئا+رە+زو) – حەوت پیتی وەك: شارەزور (شا+رە+زور).

– هەشت پیتی وەك هەورامان (هەو+را+مان).

بڕواننە – کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامیدا چاپی ١٣٦٤ مەهارەت، تاران پەڕەی ٦٥٢ تا ٦٥٩ و... یا زیائەدین کوری ئەسیر ناودار بە نووسەر کە لە ٥٥٨ لە دایك بووە و لە ٦٢٧ی مانگی وەفاتی کردووە کە بەرهەمەکەی ئەم زاتە سەبارەت بە فیردەوسی و شانامە، کۆنترین سەرچاوەی جێی بڕوایە بە عەرەبی و زۆر زانایانە و ورد شانامەی هەڵسەنگاندوە و قسەی ئەم زانایە، لە نێو زانایانی ئیسلامی جێگای بڕوا و دڵنیاییە.

– دیارە دوو برای زانا و پڕ زانینی تری بە ناوی (عێزەدین) خێوی مێژووی ئەلکامل و (عەللامە، مەجدەدین) کە کوڕی خەلەکانیی کورد، لە کتێبی وەفایەتدا ستایشێ زۆری کردووە – یا زەینەدین ئامێدی کە خەتی بۆ نابینایان داناوە و شەش سەد ساڵ بەر لە لویس برایل–ی فەرانسەوی ئەو کارەی ئەنجام داوە یا (صدقی) زەهاوی ئەو شاعیرە فەیلەسووفە، کە لە ساڵی ١٣١٣ و ڕێکەوتی ١٩٣٤ی زاینی لەگەڵ (احمد حامد الصراف)دا لە جەژنی هەزارەی فیردەوسی بەشداریی کردووە لە سەر هەوای شانامەی فیردەوسی لە ئەشعارێکدا لە دارولفنونی تاران شیعرێکی خوێندوەتەوە، ئەمەیش دوو بەیت لەو شیعرانەی زەهاوی:

بـــەفـــردوسی از مـــن سلامـــی بـــریـــد
پس از عـــرض حـــرمت پـــیـــامـــی بـــریـــد
کـــە ای شاعـــیـــر خـــفـــتـــە در زیـــر خـــاك
نـــــهـــــان از نـــــظـــــر دور از جـــــان پـــــاك

کە موفتی زەهـاوی بـاوکیشی تـا وەفـاتـی کرد موفتی شـەرع و دینیی بەغدا و ئەو دەوەرە بووە. یا شێخ شەرقاوی کە سەرۆکی زانکۆ و فێرانکۆی قـاهـیـرەی مـیسر بـووە – زانـایـانـی شارەزوورو هـەڵـەبـجـەی سووتـاو، هێرۆشیمای کوردستان و زانایانی دینەوەری لای کرماشان لە حیساب نایەن، ئەونە زۆرن.

ئەوەیە ئیمام محەمەد غەزالی فەرموویەتی: (فەرهەنگی ئیسلامەتی لـەسەر چـوار ستـوون دانـراوە، سێ لـەوانـە زانـایـانـی شارەزوور، ئـامێدی دیاربەکر و دینەوەرن کە کوردن

– لە پاشان فەرموویەتی: ئەگەر خوا ئەو زانایانەی بەئیسلام نەدابا فەرهەنگی ئیسلامەتی ئاوا قەوام و دەوامی نەدەبوو).

(خدماتی موتەقابیلی ئوستاد شهید موتەهەری) چاپی یەکەم و بەر کوڵی دیوانی مەلای جزیری چاپی سروش – تاران ساڵی ١٣٦١ بە قەڵەمی شاعیری ناودار هەژاری ڕەحمەتی. –٣– لە فەیلەسووفان کە سانێ وەك شێخ شەهابەدین شێخی ئیشراق خێوی کتێبی فەلسەفەی ئیشراق –٤– لە خواناسان و عورەفا کەسانێ وەك: عەبدوڵڵا روودباری، (تاج العارفین) ئەبولوەفای کورد کە لە ١٦ی رەجەبی ٤١٧ لە دایك بووە و لە ٢٠ی رەبیعی یـەکـەم ٥٠١ وەفـاتـی کـردووە کـە حـەکـیم سەنـایـی لـە پـەسنـی ئـەو زاتـەدا وتوویەتی: (قرنها باید کە تا پشت آدم نطفەی / بوالوفایی کرد گردد یا شود ویِس قرن) – کە چەندین خەلیفەی وەك شیخ بەتو، جاگیرلو، شێخ ماجد کوردی و شیخ مەتەر بارزانی هەبووە (زریزەی زێڕین چاپی هەولێر ١٩٩٩ز – پەڕەی ١٦١ تا ١٥١) – (قلائد الجوهر و بهجة الاسرار وشرح

احوال) بابا تاهیر عوریان، بڵاڤۆکی ئاساری نیشتمانیی تاران، چاپی ١٣٥٤. حەکیم سەنایی لە نێوەڕاستی سەدەی شەشەم لە دایك بووە و لە ٥٩٥ی مانگی وەفاتی کردووە – شەمسی مەغریبییش لە پەسنی ئەبولوەفای کوردا فەرموویەتی:

این کرد پریچهره ندانم که چەکرده است
کز جمله خوبان جهان گوی ببرده است
موسی کیلم است کە دارد، ید بیضـا
عیسی است کزو زنده شود هرکبمرداست

یا زاتێکی وەك شێخ شەهابەدین سوهرەوەردی لە نەوەکانی ئامۆیە کە لە ساڵی ٥٣٩ لە دایك بووە و خێوی کتێبی عەوارفولمەعاریفە کە شێخی سەعدیی شیرازی لە ستایشیدا فەرموویەتی:

مـقـالات مـردان ز مـردی شنـو
نـه از سعـدی از سهـروردی شنـو
مـرا شیـخ دانـای مـرشد شهـاب
دو انـدرز فـرمـود بـر روی آب
یکی آنکه در نفس خودبین مباش
دگر آنکه در جمـع بدبین مبـاش

کە شیعری ئاخر بەڕاستی حەشەری کردووە و گشت عەیب و هۆی ناکۆکیی نێوان مرۆکان دەردەخاو دەڵێ: چارە بەدیهێنانی وەحدەت و برایەتی و بەرابەری و عەدالەتە و... لابردنی خودبینی و بەدبینییە. یا زاتێکی وەك حیسامەدین چەڵەبی کە مەولانای ڕۆمی لە سەرەتای بەرگی ٢ – ٣ – ٤ – ٥ – ٦ی مەسنەوەیدا تاریفی ئەو زاتە دەکا و فەرموویەتی:

چون ضیاء الحق حسام الدین عنان
بـاز گـردانـیـد زواج آسمان

چـــون بمعــراج حــقـــايــق رفــتــه بــود
ای ضيـــاء الحق حسام الــديــن تــوتــيــی
كـــه گــذشت از مـــه بـــنـــورت مــثــنــوی
ای ضيـــــاء الحق حسام الــــديــــن ڕاد
اوستــــــــادان، صفــــــــارا اوستــــــــاد

يا (تاج الدين) شنوێی كه به (شيخ شيوخ الاسلام، المحققين، ملك الحكماء و الواعظين، سلطان المتكلمين، تاج الملّة والدين محمود بن خداداد اشنوی)، نێو براوه و خێوی كتێبی (غاية الامكان فی دراية المكان) يا ئەبو عەلی رودبـاری كه بـەجـاميـعی شەريـعەت، تـەريـفـەت و حـەقـيـقـەت نێو بـراوه. – (كۆزانی فەرهەنگی زمانی كوردی چاپی دووەم ۲۰۰۱/۲/۳ – پەڕەی ۱۰۹ تا ۱۱٦ جەڵدی سێيەم – چاپی ئەنديشه. تاران). واسيلی نيكتين لای وايـه چـەڵـەبـی واژەيـەكـی كـوردی و بـەواتـای پـاك، چـاك و خـودايـه – (سُهروردی) له زوانی عەرەبی و فارسيدا بەكار نابرێ و له كوردی باكوريدا بەواتای سوور = سرخ = احمر بەكار دەبرێ – وَرْدی – ورد: بەرد (و) دەبێته (ب) وه (ی) بۆ نيسبەته. له تەفسير نووساندا – ئەبو سعود عيمادی كـه تـەفسيـرێكـی بـەنـێو (ارشاد الـعـقـل السليم الـی مـزايـا الـكـتـاب الـكـريـم) نووسيوەو پڕو تەژييه له نوكتەی ورد و جوان كه نووسەری ئەم دێرانه بۆ تەرجمەی قورئان به كوردی لەم تەفسيره كەڵكی وەرگرتووەو عيمادی له ۸٤ ساڵيدا له ۹۸۲ی مانگی وەفاتی كردووه و مادامەلعومر موفتی دياری عوسمانی بووه و سوڵتان بايەزيد دووجار جايزەی به تەفسيرەكەی داوه و زۆری ڕێز له ئەبو سعود گرتووه. بۆ زۆر دوور بڕۆين له شاری سنه كەسانێ وەك ئـايـەتـوڵـلا مـەردۆخ هـەڵـكەوتـوون – خێوی فـەرهـەنگی كوردی، بـه عەرەبی و فارسی له ۲ جەڵددا – ئوستاد عەبدولحەميد بەديعو زەمان، دوڕ دانەی زەمان، يا (حاج شيخ محمد آية النبی) سنەيی كه له ۱۲٦۲ له دايك بووه و له ۲۱ زيحەجەی ۱۳۵۱ی مانگی وەفاتی كردووه و كتێبی (گلشن

مـعـرفِـت) لـە ٦ جـەڵـددا دانـاوە و خـێوی ئـەشعـاری بـەرزە بـە کـوردی کـە فەرموویەتی:

یــارەب مـن بـەنـدەی پـەسەنـدیـدەی تـۆم
هـەرچی هـەم ئـاخر ئـافەریدەی تۆم و...
دەس بــەکــار نــیــیــە، تــا دڵ بــەکــاربــێ
دڵ بــێدار نــیــیــە، تــا دۆس دیــار بــێ

یا ئەبو لوەفا موعتەمەدی کوردستانی خێوی کتێبی (اصول فقه وارث در اسلام) یا (محیدین) سەبری نەوەی (شێخ محەمەد نەسیم)ـی نەوەرەی سنە، کە لە میسر توانیویەتی لە چاپخانەی (کردستان العلمیه) قاهیرە کە هی (فرج اللّه) زەکی کورد بووە. بە یارمەتیی (شیخ عەبدولقادر) کوردی و (شیخ حەسەن) نەعیمی، کتێبی کوردی وەك عەقیدەی مەرزیە بە کوردی و بە فارسی لە ١٣٥٢ لە قاهیرە لە چاپ بدا. یا زاتێ وەك (شیخ محەمەد) وەسیمـی ئـەوەڵ، تـەختـەیی مـەردۆخی، کە لـە بـابـەت عیلمـی هـەیئـەت و ئـوستـورلاب، نـووسراوەی هـەیـە و مـەنـزوومـەی بـە گـۆرانـی، ژیـانـنـامـەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی کوردی داناوە، لە پەند و نەسیحەت، بە زمانی کوردی، لە عیلمی حیساب وە قاعیدە و زاکۆنی ئەوە، بە زمانی کوردی، لە بابەت پێغەمبەرەوە، بەزمانی کوردی، لە بابەت نێوی یارانی پێغەمبەر لە (بەدر) دا بە شیعری کوردی، لە بابەت ژمارەی سوورەتی قورئانی مەکی و مـەدەنـی بـەشیعری کوردی و مـەنزومـەیـەك لـە بـابـەت تـەجوید بـە زمـانـی کوردی. یا زاتێکی وەك (شێخ محەمەد) وەسیمی دووەم، مەردۆخیی سنەیی، کـە شێخـی مـوهـاجـری بـرای شەرحـێکـی لـەسەر کـتـێبـی (تـهذیب الـکلام) نووسیوە، ئەویش لەسەر شەرحی براکەی کۆبە و پەراوێزی نووسیوەو لە قاهیرەی میسر چاپ بووە و ئەمە کتێبی خوێندنی مەلا و فەقێیانە لە بابەت شێخ عـەبـدولـقـادر مـوهـاجـر کـە لـە ساڵـی ١٢٧١ی مـانـگـی لـە هـەرای (کاروانسەرا) لە شاری سنە و (دار الاحسان) هیجرەت دەکاو لەگەڵ شێخ

نەسیمی برای دەچنە شاری سلێمانی، حەکیم مەولەویی کورد بەشیعر فەرموویەتی: پارچەی تەءلیفات شێخ موهاجر – گرانەن نییەن موشتەری و تاجر. یانی ئەو کتێبە عیلمییانە کە شێخی موهاجر دای ناون، ئەونە پڕوتەژین لە نوکتەی وردی عیلمی بێجگە لە مەولەوی، زانایێ لە دەوەرا نەماوە، تا بتوانێ بەدەرس بە مەلا و فەقێیانی بڵێ. هەروا کتێبە دانراوەکانی شێخی موهاجری بە پارچەی عالی پڕقیمەت شوبهاندوون کە نە بازرگانێ وا هەیە بتوانێ بیان فرۆشێ یا بیان کڕێ – بڕواننە دیوانی مەولەویی کورد، پەڕەی ١٢٠ چاپی وەزارەتی فەرهەنگ – بەغدا ١٩٧٣ –ز.

یا (شیخ محەمەد سەعید تەختەیی سنەیی) کە مەلا و مودەریسی فێرگەی مزگەوتی (دار الاحسان) سنە بووە و چوار کوڕی زانای وەك : (شیخ عەبدولقادر موهاجر – شیخ محەمەد وەسیمی دووەم – شیخ محەمەد نەسیم – شیخ محەمەد جەسیم حجة الاسلام) بووە. یا زاتێکی وەك (شیخ محەمەد قەسیم) کە وەك (شیخ محەمەد سەعید تەختەیی) برای خۆی ماموستای دەرس بێژی فێرانکۆی مزگەوتی (دار الاحسان) سنە بووە – مەولانا خالد شارەزووری نوسخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە زانینی حیکمەت و ریازی و هەیئەتی لا خوێندووە و ئیجازەی وەرگرتووە.

– (بڕواننە تاریخ مشاهیر کرد، عرفا، علما، ادبا و شعرا جلد اوّل تألیف بابا مەردوخ رۆحانی (شیوا) سروش تهران ١٣٦٤). (شەپۆل).

مێژوونووسان دەڵێن: کەڵهور نەتەوەی گۆدەرزی گیون، کە گیو لە زەمانی کەیانی بەسەر بابل ڕادەگەیشت، کوڕی گیو، بەناوی ڕەهام یا (مامەڕەهام) بەفەرمانی خونکار بەهمەنی کەیانی هێرشی بردە سەر شام و ئۆرشەلیم و میسر و زەوتی کردن، کە ئەونەی جوو سەر بڕیوە کە ئاش بە خوێنیان گەڕاوە، بوختونەسر نازناوی ئەو ڕەهام –ە کوردەیە – پەڕەی ٢٨ و ٢٩ی مێژووی ئەردەڵان، لێکدانەوە و وەرگێڕانی موحەقیق و شاعیری ناوداری کورد (عبدالرحمن شرفکندی: هەژار) چاپی ١٣٨١ و ٢٠٠٢ی تازەنگا.

**نەورۆز**: دەم و کاتی وردبوونەوە و پیا چوونەوەیە، بە ڕابردوودا، هەروا بەرنامەدانان بۆ دوارۆژ، بە هیوام کە لە ساڵی تازەدا (٢٧٠٣ – ٢٠٠٣ز – ١٣٨٢ و ١٤٢٤) ئەم شتانە کە دەینووسین لە ژیاندا بیگرنە بەرچاو. وەبەکاری بێنن لە ژین و ژیانتاندا:

١– کات و ساتێ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانتان، تایبەت بکەن تا گیانتان بگاتە ئەستێرەکان.

٢– دەم و چاخێ بۆ کارکردن تەرخان بکەن، چونکا دەبێتە هۆی سەرکەوتن و پێگەیشتن و پێشکەوتن.

٣– چەن دەمێك بۆ بیرکردنەوە دابنێن؛ چونکا بیرکردنەوە بناوان و سەرچاوەی وزەو هێزە.

٤– دەم و ساتێ بۆ کایەکردن دابنێن؛ چونکا دەبێتە هۆی هێز و جوان بوونەوە.

٥– کات و ساتێ بۆ خوێندنەوە لە بەرچاو بگرن؛ چونکا موتالاکردن سەرچاوەی عیلم و هونەر و زانینە.

٦– دەمێ بۆ پێکەنین بگرنە بەرچاو، چونکا کەند و کۆسب کەم ڕەنگ دەکا.

٧– دەم و ساتێ بۆ ساغی و سلامەتی و بیهداشت تەرخان بکەن، چونکا لەش ساغی گەنجینەی ژیانە.

٨– کات و ساتێ بۆ پاڕانەوە و عیبادەتکردن دابنێن؛ چونکا تەپوتۆزی ئەنبوژەنی و ماددی لە چرِوچاوتان دەسڕێتەوە و لە خوا نێزیکتان دەکاتەوە.

٩– دەم و کاتێ بۆ ڕابواردن لەگەڵ دۆست و یاران، دیاری بکەن. چونکە دەبێتە هۆیی شادی و خۆشی.

١٠– دەم و ساتێ بۆ نیشاندانی خۆشەویستی لە بەرچاو، بگرن؛ چونکا هۆی لەزەت بردن لە ژین و ژیان، پێك دێنێ.

(فیلیپ همبرێت) وەرگێڕ بەزمانی شیرینی کوردی: دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل).

## لێکدانەوەیەك

ئەزموونی عیرفانی

ئەزموونی عیرفانی، بۆ هەموو فەرهەنگەکانی گۆی زەوی هەیە و شتێ گشتییە، کە ڕژاوەتە قاڵبی جیا جیا، هەندێ لایان وایە عارف: کەسێکە، کە کەندو کۆسپی وجوودیی هەیە، بەر تەسکییەکانی زەوی ئابلۆقەیان داوەو دەیگوشن، لەم دنیایەدا خۆی بە غەریب دەزانێ، دەیەوێ ئازاد بێ، ئەم ئەزموونە بۆ هێندو، بوودایی، موسڵمان، مەسیحی و خەڵکی دیکەیش هەبووە و هەیە.

لە عیرفانی ئیسلامیدا خوا بەرزو موتەعالییە، خوای ئیبراهیمی لە عالەم و بەر لە عالەم بانترەو لە ولاترە، بەڵام خوای یۆنان کە مەسیحیەتیش لەژێر کاریگەریدایە، دێتە عالەمی بوون و ئینسان رزگار دەکا، لە عیرفانی ئیسلامیدا قسە لە گەڕان و بەرزبوونەوە، بۆ لای خوا و توانەوەو یەکبوون لەگەڵ خوا، دەکرێ، کەچی لە عیرفانی مەسیحیدا، توانەوە و یەکبوون لەگەڵ خوا لە سەر بنەڕەتی عەشق و ئەوین و محەبەتە، وە یەکبوونی جەوهەری ڕوونادا.

عیرفانی کوڕی عەرەبی بە ڕاڤەکردنی خۆیەتی و تەئویل ڕۆڵ و نەخشێ گرینگی بۆ هەیە، باتنی مرۆ، نووسراو یا شیعرێکە، کوڕی عەرەبی بۆ واتاکردنی ئایەتی قورئان دەس دەداتە تەئویل و ئەهلی تەئویلە. بە جۆرێکیش ئایەتی قورئان تەئویل دەکا، تا لە تەك وەحدەتی وجوودیی بیروڕای خۆی ڕاست و جور بێتەوە. ئەو لای وایە، بۆ دەسپێکردن و بەردەوام بوون لەسەر سلووکی ناسینی خواو نێزیك بوونەوە لە خوا لە سەرەتاوە لە پلەی ئاژەڵی قەرار بگرین و بەگشت ئارەزووەکانەوەو

ویستەکانەوە کزی و بێ توانایی و بە توانایی، کە بە ئاواتەکانمان ناسیاو بین، ئەم پلە بناسین، کەچی ئێمە ئاواتمان پووچاندۆتەوە.

کوڕی عەرەبی لایەنە جیا جیاکانی ژیانی خستۆتە، بەر سەرنجدان، کتێبێ «فتوحات» فرە قسەی زیندوو پڕ مێشك و جێی نیازی ئەمڕۆی بەرەی مرۆڤی تێدایە.

کوڕی عەرەبی لە جێگایەك کە باسی بزووتنی ئینسان و سەرکەوتن لە کەوانەی بان، وە بە باندا هەڵگەڕان دەکا، لە سەر ناسینی کەرەستە و بەدەسهێنانی خۆرسك و خۆکردوو هەروەها کەڵك وەرگرتنی بەجێ و شیاو لە ئەشیاو و لە تەبیعەت زۆر توند پێی دادەگرێ.

دەبێ بزانین خوا ئافراندنی تایبەت بە هەر بوونەوەرێکی عەتا کردووە، جا ئەگەر مرۆ بیەوێ ڕێی بەرزبوونەوەی خۆی بەرەو لای خوا ببڕێ، دەبێ مافی هەر بوونەوەرێك لەبەر چاو بگرێ، یانی جێگای ئەو بوونەوەرە و جێی ئەو شتە بناسێ و کەڵکی بە جێ و شیاو بەوردبوونەوە لە پێگە و جێگەی وجوودیی: (بوونی)ی ئەو بوونەوەرو شتە، وەربگرێ.

کەندوکۆسپی ژینگەی ژیان بەو جۆرەی ئەمڕۆ لێی ئاگادارین، لەم سۆنگەوەیەو ئاکامی ئەمەیە کە ئێمە چلۆنایەتی، بەدیهاتنی (لایەی ئۆزۆن) و گرینگی وجوودیی ئەوە، بە شیاوانە سەرنجمان نەداوەو لێی ورد نەبووینەتەوەو هۆی نابوودیی ئەوەمان بەدەس خۆمان سازداوەو لەم نێوەدا مافی تەواوی ئاژەڵ، مالآت و وڵسات، گژوگیا و گوڵ و تەنانەت مافی خۆمان و مافی دواڕۆژەکانیشمان خشتووەتە پشتگوێ.

– فەلسەفە، مێژووی فەلسەفە خۆی تاریخی عەقلانی و ئاوەزییە، فەلسەفە زیهن و هزری مرۆ دەسازێ، دیارە، زوانیش بۆ سازدانی زیهن و مێشك بە کاروکارایە، ئیسلام فەلسەفەی نییە، چونکا بە بڕوای موسڵمانان ئیسلام لە وەحییەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوابێ ئیسلام فەلسەفەی نییە، فەلسەفە، هی ئاوەزی سەربەخۆیی مرۆیە، فەلسەفە زیاد

له درۆ شتێ تر نییه و فەلسەفە جۆرێ دەروونناسیی تایبەتە کە لەگەڵ نەخۆشانی زیندوو سەروکاریشی نییە، بەڵکو لەگەڵ بیرەوەرانی دوو هەزار ساڵ مێژوو و بیروڕای ڕابوردووان سەرو کاری هەیە، واژه و زاراوەی (فەلسەفەی ئیسلامی دروست نییە، مەگەر بڵێین، فەلسەفەی موسڵمانان، نەك فەلسەفەی ئیسلامی، تازە ئەمیش لە فەلسەفەی یۆنان وەرگیراوە، یەکەم فەیلەسووفی موسڵمانان (کند)ییە کە لە ڕۆژگاری مەئموون خەلیفەی عەباسی دەژیا، مەئموون (بیت الحکمة)ی بۆ تەرجەمەی کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنانی بۆ عەرەبی، دانا بوو بەر لە مەئموون، فەلسەفە لە نێو موسوڵمانان برەوی نەبووە، فارابی، کوڕی سیناو کوڕی ڕوشد، بە شوێن وەرگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتوون، ئەرەستۆ و فلۆتین بەرنامەی خۆیان دارشتووە، ئەوانەش کە لایان وایە فەلسەفەی ئیسلامی بە کوڕی ڕوشد تەواو بووە، ئەوانە نازانن کە فەلسەفەی ئیسلامی، دوای کوڕی ڕوشد، بەهۆی شێخی ئیشراقەوە، لە سوهرەوەرد، پەرەی گرتووە و سەرکەوتووە، شێخی ئیشراق بنەڕەت و ئەسالەتی هەموو شتێك دەگێڕێتەوە بۆ لای (ماهییەت) و ماهییەتیش بە نور دادەنێ و دەڵێ: ماهییەت نورە، کە ئێمە لەم باسەدا لەسەر (حکمة الاشراق) روونمان کردۆتەوە (شەپۆل).

**نوکتە:**

لێکۆڵەران بۆ کەشف و دۆزینەوەی حەقیقەت و ماك و ئەسراری خیلقەت دوو ڕێگایان گرتۆتە بەرچاو:

١- ڕێگاو ڕێبازی بەڵگە و بیر کردنەوە و بیر دەربڕینە.

٢ - ڕێگای ڕیازەت و تەجریدی نەفسە: (خۆ دارنین لە هەواو هەوەسی نەوس).

پەیرەوانی ڕێبازی یەکەم لایان وایە: نیهایەتی زانین و کارو کردەوە، تەنیا لە ڕێگای بەڵگەی ئەقڵی بەدەس دێ و بەس و ئەمانەش دوو پۆلن:

مەشائیان و موتەکەلیمان. حوکەمای مەشائی لایان وایە. لە ڕێگای بەڵگە و بیرکردنەوە، حەقیقەتی ئەشیا بەدەس دێ، جا ئەو بەڵگە و بەڵگانە موتابیقی شەرع بێ یا خێر نا، چونکا باوەڕیان وایە هەرچی موتابیقی ئەقڵ بێ، موتابیقی شەرعیشە، – فارابی و کوڕی سینا لایەنگری ئەم باوەڕەن. بەڵام موتەکەلیمین لەو بەشەی بەڵگەی ئەقڵی کەڵك وەردەگرن کە موتابیقی شەرع بێ و سالاری ئەوانە لە تاقمی موعتەزیلە (واسل بن عەتا)یەو لە دەستەی ئەشاعیرەیش (ئەبو لحەسەن ئەشعەری)یەو پەیڕەوانی ڕێبازی دووەمیش کە دۆزینەوەی حەقیقەت تەنیا بە ڕیازەت کێشان و پاك کردنەوەی دڵ و دەروون دادەنێن، دوو دەستەن:

ئیشراقیان و دەستەی سۆفیان.

حوکەمای فێرگەی ئیشراق کەسانێکن کە دۆزینەوەی نەزانراو (مەجهوول) بە ریازەت کێشان دادەنێن و لایان وایە بە ڕیازەت کێشان مەجهول دەدۆزرێتەوە، جا ریازەتەکە موتابیقی دین بێ یا نا، شێخ شەهابەدین شێخی ئیشراق و پەیڕەوانی ئەو زاتە باوەڕیان بەم بیروڕایە هەیە. بیروباوەڕی سۆفیانیش ئەمەیە کە سۆفی بە پاك کردنەوەی دڵ و دەروون موتابیقی ئایەتی قورئان و فەرموودە، پەی بە حەقیقەت دەبەن و سالاری ئەم ڕێبازەش کوڕی عەرەبییە و لە نێو کوردیش یاسر بدلیسی و مەولانا خالد و غەوسی بەغدا و...یە(١).

نیچە لە ڕاستیدا لە بابەت هەر شتێکەوە، دوو یا چەند بیروڕای دژ بەیەکی دەربڕیوە، جا هەر لەبەر ئەوەیە هەر کەس بیەوێ لە نوسراوەی نیچە، شتی خۆی دەخوێنێتەوە. (شەپۆل). ٧ ژوئێنی ٢٠٠٤ – زو ١٣٨٢/٣/١٨ی هەتاوی و ٢٥٠٧ کوردی.

(١) سەرچاوە: وتاری ئوستاد سەعید ئیبراهیمی – مجموعە مقالات و ئەشعاری کۆنگرەی بوزور گداشتی حەکیم مەولەویی کورد، پەڕەی ٢٢ لە کۆبەدا – سەقز خەرمانانی / ١٣٧١ی هەتاوی.

## سوهرەوەرد dravarhoS

سُهْرَورد: دێهستانێکە سەر بە قیداری شارستانی زەنگان و لە داوێنەی دۆڵ و شیوەڵی باشووری چیای قیدار، دایەو زیاتر لە ٢٥ ئاوایی گەورە و گچکە، سەربەوە کە پتر لە ١٢٠٠٠ دانیشتووی هەیە، لەبەرا شارێ بچووك بووە، سوهرەوەردی مەنسوب بە سوهرەوەرد–ە، فەیلەسووف و زانایانی ئەوێ زۆرن، بۆ وێنە شێخی ئیشراق، – ئەبوو حەفس عومەر برازای ئەبوو نەجیب عەبدولقاهیر سوهرەوەردی، خواناس و زانای بەناوبانگ (وەفات ٦٣٢ ی مانگی)، خێوی تەفسیری قورئان بەناوی (بغیة البیان، لە تەفسیری قورئان) – پەڕاوەی عەواریف مەعاریف (رشف النصائح).

(اعلام التقی و اعلام الهدی و...)

شێخ سەعدیی شیرازی و کەماڵەدین ئیسماعیل ئیسفەهانی مریدی ئەو زاتە بوون، سەعدی لە پەسنی ئەو زاتەدا فەرموویەتی:

مقالاتِ مـــردان ز مـــردی شنـــو
نـــــه از سعـــــدی از سُهْرَوَردی شنو
مـــرا شیـــخ دانـــای مـــرشد شهاب
دو انــــدرز فـــرمـــود بـــر روی آب
یـکـی اینکـه در نفس خـودبین مبـاش
دیـگـر آنـکـه در جـمـع بـدبین مـبـاش

دائره المعارف د.فرید وجدی ج ٥ پەڕەی ٦٢ چاپی ٦ بێروت ١٩٨٤ – ز– ئەلمونجید لە ئەعلامدا ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ بێروت – زانایانی کورد بە قەڵەمی (شەپۆل) ج٦ کە ئامادەی چاپە، پەڕەی ٢٨٠ –

سوهـرەوەردی شا حسێن وەلـی؛ (پـولـی) دایـکـی بـە نـێوی فـاتمەخـاتـوون خوشکەزای شێخ سەفیەدین ئەردەوێڵی کوردی سەفەوی بووە، تەیموورە شەلە کە مریدی بووە (جیهان خاتون)ی خوشکەزای خۆی لێ مارە کردووە – (وەفات ٨٨٢ی مانگی دوای ١١٥ ساڵ ژیان – عەللامە زەینەدین مـحـەمـەد سوهـرەوەردیـی کـوردی (وەفـات ١٢٠ی مـانـگـی) – تـاریـخ، مەشاهیری کورد بابامەردۆخ رۆحانی (شیوا) – چاپی سروش ١٣٦٤ تاران پەڕەی ١٢٩ ج ١– (کشف الظنون) ئۆفسێتی تاران ١٣٨٧ی مانگی – سوهـرەوەردی ئـەبـوو نـەجیب زیـائـەدین عـەبدولـقـاهـیر بن عـەبدوڵڵا خواناسی گەورە و مریدی ئەحمەد غەزاڵی پەڕەی ٨٣٠ تا ٨٣٢ د.محەمەد مـوعین «فـرهـنگ فـارسی ئـەعـلام» ج ٥ چـاپـی ١٣٦٢/٥ی هـەتـاوی چاپخانەی سیرەری تاران.

سوهـرەوەرد: ئـەلـلـویـاب نـووسیـویـەتـی شارێکـە لـە نـێزێك زەنـگـان و دانـیشتـووانـی هـەمـوو کوردن – ئـەبولـفیدا شازادەی ئـەیـیوبـی «تقـویـم البلدان» پەڕەی ٤٨١ تەرجەمە بە فارسی ئایەتی عەبدولمحەمەد تاران ١٣٤٩ی هەتاوی، کوڕی حەوقەلیش لە سەدەی چاردا باسی کردووە و نووسیویەتی زۆرینەی خەڵکی سوهرەوەرد، کوردن و شارێکی گەورە و قایم و موحکەمە و لە سەر ڕێگای هەمەدان و لە باشووری زەنگان دایە – لسترنج جوگرافیای تاریخیی سەر زەمینەکانی خیلافەتی ڕۆژهەڵاتی، تەرجەمەیە بە فارسی، عیرفان: دوکتور مەحموود پەڕەی ٢٤١ چاپی تاران ١٣٦٤ی هەتاوی – لە (آثار البلاد و اخبار العباد) پەڕەی ١٦٨ ج ١ سوهرەوەرد، بەشارێکی کوێستانی نێزیك زەنگان ناوبراوەو ئەلمونجید لە ئەعلامدا پەڕەی ١٤ چاپی ١٢ بێروت، حوزەیرانی ١٩٨٢ی زاینی نـووسیـویـەتـی هـەمـوو دانـیشتـووانـی سوهـرەوەرد، لـە سەدەی ١٠دا کورد بوون و مەغۆل لە سەدەکانی ناڤیندا بە هێرش کردنە سەر ئەوێ، وێرانی کردووە – سوهرەوەرد، ئێستاش شارێکی کوردنشینە و ئاوەدانە و لە نێوان

حەلەب و قیدار، لەسەر ڕێگای بیجار – زەنگان، دایە – هەروا شارۆچکەی ماە نیشان Mah nesan و هەروا دەوروبەری هەموو کوردن، خێلاتی کوردی مافی، ڕەشوەند، باجەلان، کاکاوەند، کرمانی و جەلیلوەند، لەوێ دەژین، (کانی تەلا، سورب، زوخاڵی بەرد، پەمۆی نەسوورزو خوێی هەیە)، دانەوێلە، گەنم، جۆ، برنج و ترێی تێدا بەرهەم دێن، کاری دەسی وەك قالێچە، بەڕە و جاجم. ئەم ماە نیشانە لە خوارووی زەنجان و شیوەڵەی چەمی قزڵوەزان دایە – ماە نیشانێ دیکەش هەیە کە لە داوێنەی کەناری قزڵوەزاندایە و ئاو و هەواکەی ساردە. موعین ج ٦ پەڕەی ١٨٩٤.

# زیندووی کوڕی بێدار

زیندووی کوڕی بێدار لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە گەلۆبناغە و بنچینەی بنەڕەتیی تەحقیق لەسەر ئەوەو لەسەر چریکە و چیرۆکی «سەلامان و ئەبسال» – ئاماژە بە ناوی «سەلامان و ئەبسال» کە لە قارەمانانی بنەڕەتی ئەم چریکەن: (زیندووی کوڕی بێدار) یەکەم جار لە شوێنەواری کوڕی سینا یانی لە نەمەتی نۆ لە پەڕاوەی «ئیشارات و تەنبیهات» (ڕیسالەکانی شێخ سەرۆك ئەبووعەلی: حوسێین بن عەبدوڵڵا بن سینا لە کتێبی ئەسراری حیکمەتی مەشرقییەدا) باس کراوە[١]. هەروا لە ریسالەی قەزا و قەدەردا هاتووە و[٢]. هەروا (خاجە نەسیرەدین تووسی) بە نێوی ریسالەیێ لە قەزاو قەدەردا ناوی بردووە، ئاماژە کردنی کوڕی سینا بە دوو نێو لەو دوو کتێبەدا کورتتر و موبهەمتر لەوەیە کە مرۆ بتوانێ بڵێ: کە ئەوانە دوو قارەمانی یەك چریکە و چیرۆکن، جا لام وایە بۆیێ ئیمام فەخری ڕازی، کە بەر لە خاجە نەسیرەدین تووسی، شەرحی لەسەر ئیشاراتی کوڕی سینا نووسیوە، واژەی سەلامان و ئەبسال–ی بە مەقوولەی لەغەز داناوە، کە کوڕی سینا خۆی بۆ ئاماژەکردن بە هەندێ شت دای ناوە و لە دواییدا کوڕی سینا تەئویلێك لە ڕووی گومانەوە. سەبارەت بەو دوو واژەی سەلامان و ئەبسال – دەردەبڕی[٣]. دوای ئیمام فەخری ڕازی

(١) جزمی دوو پەڕەی ١١٠ و هەروا تەرجەمەی فارسی ئیشارات و تەنبیهات وەزارەتی مەعاریف و ئەوقاف ١٣١٦ پەڕەی ١٧٣.

(٢) ریسالەی قەزاو قەدەر جزمی ١٤ پەڕەی ٦ و ٥.

(٣) «ئیشارات و تەنبیهات» نووسراوی کوڕی سینا لەگەڵ شەرحی خاجە نەسیرەدین تووسی، دوکتور سلێمان دنیا.

* مەبەستی نووسەر لە زیندووی کوڕی بێدار «حي بن يقظان»ە کە «اسم علم»ە و وەرناگێڕدرێتەوە.

(وەفات ٦٠٦ مانگی) خاجە نەسرەدین تووسی (وەفات ٦٧٢ مانگی) لە ڕاڤەکردنی خۆیدا لەسەر ئیشاراتی کوڕی سینا بە وردبینیی خۆیی تێ دەگا کە ئەم دوو واژە دەبێ پێوەندییان بە داستانێکەوە هەبێ و بیروڕای ئیمام فەخری ڕازی دەداتە دواوە « هەر ئەو کتێبە پەڕەی ٤٩و ٥٠» بەدواداچوونی خاجە نەسیرەدین تووسی بۆ بەدەسهێنانی واتای ئەم داستانە، دەگاتە نەتیژەو دوو داستان بە نێوی سەلامان و ئەبسال پەیدا دەکا، یەکێکیان داستانێکە، کە حونەین بن ئیسحاق، لە یونانییەوە کردوویەتە عەرەبی و، ئەوەی دیکەیان هی کوڕی سینا – یە. کە دوای بیست ساڵ دوای ڕاڤەکردنی ئیشارات، پەیدای کردووە، خاجە نەسیرەدین تووسی، هەر دوو داستانەکەی گێڕاوەتەوە. (هەر ئەو کتێبە پەڕەی ٥٤ و ٥٥). وە بە دروستی نەتیژەی وەرگرتووە، کە داستانی دووەم هەر ئەوەیە کە (شێخ سەرۆك ئەبوو عەلی سینا) لە کتێبی ئیشارات و لە ریسالەی قەزا و قەدەردا ئاماژەی پێی کردووەو (ئەبو عوبەیدی جورجانی) فەقێی شێخ لە ژمارەی ئاسەواری، پڕ

زانا: بو عەلی سینا، لە پێڕستی نووسراوەکانی کوڕی سینادا، هێناویەتی

(هەر ئەو کتێبە پەڕەی ٥٣) ئەوسا شەرحی ڕازو ڕەمزی ئەو دوو چیرۆکەی بەیان کردووە، بەڵام چیرۆکی یەکەم لە یۆنانییەوە تەرجەمە کراوە و خاجە نەسیریش نەقڵی کردووە، هەر ئەو ریوایەتە مەنزوومەیە، لە ئەورەنگی دووەمی کتێبی حەوت ئەورەنگی جامیدا هاتووە[٤]. شێخ شەهابەدین سورەوەردی، (سهرورد: مدینة في شمال غربي ایران سکنها الاکراد في القرن ١٠، خربها المغول، بحملاتهم الحربیة في القرون الوسطی – السهروردي «شهاب الدین یحیی بن حبش»، «٥٤٩ – ٥٨٧ / ١١٥٤ – ١١٩١م» – فەیلەسووفی ئیشراقی کەبیر و مەزن، شافیعی مەزهەب، لە

(٤) لە بابەت ئەم دوو چیرۆکەو ڕەمزو ڕازی ئەوەو مەبەستگەلی دیکەوە بڕواننە تەقی پور نامشاریان ڕەمزو داستانی ڕەمزی پەڕەی ٣٨٠ و ٣٧٦ و ١٦٨ و ٣٠٨ و ٣٠٩ و ٣٨٧.

گوندی سوهرەوەرد: سورەبردی کوردستانە، بەشی خۆرهەڵات لە دایك بووە و لە مەراغا لە ئازربایجان خوێندوویەتی و خێوی کتێبی حیکمەتی ئیشراق و هەیاکیلی نوورە(٥).

– شێخ شەهابەدین سورەوەردی دامەزرێنەری حیکمەتی ئیشراق کە خۆیی بەتەواوکەرەوەی حیکمەتێ دەزانێ کە کوڕی سینا لە ئاخری ژیانیدا، خەریکی دامەزراندنی ئەوە بووە، بەڵام لەبەر بێ ئاگایی، نەیتوانیوە ڕاڤەی بکا، لە سەرەتاوە، یەکێ لە ریسالە رەمزییەکانی خۆیی بەناوی «چریکەی غوربەی غەربیە» هەم بە ناوی ڕیسالەی سەلامان و ئەبسال و هەم بەناوی ریسالەی رەمزی ( حَی بن یقظان): زیندووی کوڕی بێدار نووسراوی کوڕی سینا ئاماژە دەکا. جا لە زیمنی ئەوەدا کە ئەو دووانە بە نیشانەی مەیلی ئیشراقی بوونی کوڕی سینا، دادەنێ، چریکەی غوربەی غەریبیی خۆی بە کلکەی «زیندووی کوڕی بێداری» کوڕی سینا دەزانێ و فەرموویەتی: غوربەتی غەربی حەقیقەت و جوانییەکی لە خۆ گرتووە کە کوڕی سینا دەسی بەوان نەگەیشتووە. جا بەم جۆرەیە کە سێ چریکە و چیرۆکی ڕازاو ڕەمزی زیندووی کوڕی بێدار و سەلامان و ئەبسال و چریکەی غوربەی غەریبە، لە ڕێگای ئاماژەکردنی شێخ شەهابەدین کوردی خەڵکی شارۆچکەی سورەوەرد، ناودار بە: شێخی ئیشراق، بە جۆرێ لە جۆرەکان، پێکەوە پێوەندی پەیدا دەکەن. ئەم پێوەندییە ناڕوانێتە پێوەندی یا شەباهەتی داستانی ئەوانە، هەرچەند کە بنەڕەتی واتایی ئەوانە لە ڕێگای تەئویلی دەقەوە، بەرەو حەقیقەتی عیرفانی و ناسەوەری و فەلسەفی دەکشێ، کە سروشت و ئاسۆی وەك یەك و هاوبەشیان هەیە. کۆڕی توفەیلی ئەندەلوس «وەفات ٥٨١ مانگی»، دەگونجێ کە هەر لەو ساڵانەی وا شێخی ئیشراق چریکەی غوربەی غەریبیی نووسیوە، ئەویش «یانی کوڕی توفەیل» چیرۆکی زیندووی کۆڕی بێداری دانابێ، کە لە ئێران بەهۆی زانای ناودار

(٥) پەڕەی ١٤ی ئەلمونجید لە عەلام دا چاپی بێروت ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ی زاینی «شەپۆل».

فرووزان فەڕ بە سەرەتایەکەوە تەرجەمە کراوە لە ٨/١٢/١٣٧٠ی هەتاوی و ڕێکەوتی ٢٧ فووریەی ١٩٩٢ی زاینی لە تاران لە چاپ دراوە – هەروەها لە ڕووی تەرجەمەی فارسی دوکتور عەبدولکەریم بێ ئازار شیرازی، دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی «شەپۆل». ئەو چیرۆکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی و سەرەتایەکیشی بۆ نووسیوە و لە لایەن نووسینگەی بڵاڤۆکی فەرهەنگی ئیسلامی لە تاران لە سێ هەزار دانەدا، بە کوردی بەناوی «زیندووی کوڕی بێدار» کە وێنەدارە و ڕەنگین لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی و ڕێکەوتی ١٩٩٦ی زاینی لە تاران چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە. جگە لە زیندووی کوڕی بێدار: «حَی بن یقظان» – سەلامان و ئەبسالیش قارەمانانی دیکەی ئەم چیرۆکەن، بەم جۆرە جارێ تر قارەمانانی ئەسڵیی دوو داستانی کوڕی سینا لە یەك چیرۆکدا کۆ دەبنەوە. زەمینەی چیرۆکی کوڕی توفەیل وێنەی، نە لە داستانی کوڕی سینادا هەیە، نە لە تەرجەمەی یۆنانی حونەین بن ئیسحاق و، نە لە غوربەی غەریبیی شێخی ئیشراقدا نموونەی هەیە، ئەگەریش هەبێ، لە هەوێنی ئیشراق یا لە فەلسەفی و ناسەوەری و عیرفانی ئەوانەدایە.

پەیکەرەی بنەڕەتی کتێبی (حَی بن یقظان) و (سەلامان و ئەبسال) – ئامادە کراوی دوکتور سەجادی کە نەقڵی ئەم سێ داستانەیە. بەسەرنجدان بە دوو داستانی هاونێوی سەلامان و ئەبسال، کە یەکیان هی کوڕی سینایە و ئەوی دیکەیان هی (جامی)یە، کە بریتییە لە تەرجەمەی (حونەین بن ئیسحاق) کە ئەو چریکانە، پێك دێنن.

### بۆ زانین و ڕوون کردنەوەی زیاتر

١–کورتەی زیندووی کوڕی بێدار –ی کوڕی سینا، ئەم کورتەیە لە کتێبی «زنده بیدار» تەرجەمەی فرووزانفەڕ نەقڵ کراوە، کە خۆی لە کتێبی کوڕی سیناو تەمسیلی عیرفانییە، کە هانری کەربۆن ئەوەی چاپ و ڕاست کردۆتەوەو بە زمانی فەرانسەوییە و سەرەتایشی بۆ نووسیوە.

٢ – قەسیدەی کوڕی هیبارییە، کە نەزمی چریکەی «حَی بن یقطان» زیندووی کوڕی بێدار – لە پەڕەی ١٩ تا ٢٥. ئەم قەسیدە لە گۆڤاری دانیش ساڵی ٢ ژمارەی ٧ بە تەحقیق و لەبەر هەڵگرتنەوەی زانای ناودار محەمەد تەقیی دانیش پەژۆدا هاتووە.

٣– چریکەی غوربەی غەریبیی شێخی ئیشراق دەقی عەرەبی و تەرجەمەی ئەم چریکە لە کۆکراوەی دووەمی دانراوی شێخی ئیشراق بە ڕاست کردنەوەی هانری کەربۆن، هاتووە. لە پاشکۆی «زندە بیدار» تەرجەمەی پڕ زانا فروازانفەر–یش کورتەیێ لەم داستانە، نەقڵ بووە، کە دوکتور سەجادی هەر لەو شوێنەدا نەقڵی کردووە.

٤– پەڕاوەی «حَی بن یقطان»: زیندووی کوڕی بێداری کوڕی توفەیل و بەرکوڵی ئەو سەرەتاو ئەسڵی داستان لە کتێبی «زندە بیدار» بە وەرگێڕانی فروزانفەر لە زیندووی کوڕی بێداری کوڕی توفەیل، نەقڵ کراوە.

٥– چیرۆکی سەلامان و ئەبسال، هی، «حونەین بن ئیسحاق» بەعەرەبی و دوو ڕیوایەتی خاجە نەسرەدین تووسی کە دوکتور سەجادی لە کۆبە و پەراوێزی پەڕەی ١١٩ی نووسراوەی خۆیدا ڕوونیان کردووەتەوە، کە ئەو دەقانەی، لە کۆبەی نوسخەی ڕیسالەکانی کوڕی سینا چاپی یەکەم چاپخانەی هێندیەی بلوسکی میسر، نەقڵ کردوون. و بەشی دووەمی دەقەکان کە پێوەندییان بە ڕیوایات و ڕوون کردنەوەکانی خاجە نەسیرەدین تووسییەوە هەیە، دەقی عەرەبیی هەر ئەو قسەو ڕیوایەتانەیە کە خاجە نەسیر لە ڕاڤەکردنی ئیشاراتدا هێناویەتی و لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا، ئاماژەمان پێی کردووەو بەشی یەکەم وێنەی پەرەگرتووی داستانی یۆنانیی سەلامان و ئەبسال –ە، بە وەرگێڕاندنی حونەین بن ئیسحاق کە کورتەی ئەوە لە ڕیوایەتی خاجە نەسیردا هاتووە.

٦- قسەكانی خاجە نەسیرەدین تووسی لە بابەت سەلامان و ئەبسال و گێڕانەوەی دوو ڕیوایەتی ئەو لە داستانەكەدا، كە هەر وەكو وتمان: خاجە لە ڕاڤەكردنی ئیشاراتی كوڕی سینادا هێناویەتی دیارە، وەرگێڕدراوەكەی خاجە نەسیر، لە ڕووی تەرجەمەی نەمەتی نۆی: -٩- ئیشارات لەگەڵ شەرحی خاجە نەسیرو بیرو بۆچوونی ئیمام فەخر ڕازی كە سەیید ئەبو لقاسم پورحسێنی ئامادەو تەرجەمەی كردووە، نەقڵ كراوە.

٧- چریكەی سەلامان و ئەبسال تەفسیر و تەئویلی مەحموود بن میرزا عەلی كە لەوە دەچێ كە هەر ئەو نوسخەیە هەبێ كە لە پێرستی پەرلانەی ئیمامی هەینی كرمان، نووسراوی محەمەد تەقیی دانیش پەژۆدا، ناسێندراوە، دەقەكە داگری سەرەتایەكە لە بابەت «سدووری عوقول و نفووس و تەكوینی ئەفلاك و مەوالیدی سەلاس، وە ئاماژە بە ئەستێرە: كەواكیب و برووج و هەیكەلی ئینسان و ئەندام و قەوامی وی و قەوامی نەفسی نەباتی و ئاژەڵی: حەیەوان و ئینسانی و حەواس زاهیر و باتین و تەوافوقی (ئافاق و ئەنفوس): ئاسۆگ و گیان و مەشابەهەتی ئینسان لەگەڵ جیهان و شارو وێنەی ئەو جۆرە مەبەستانە، جا ئەوسا وەرگەڕاندنی چریكەی سەلامان و ئەبسال كە وەرگەڕاوەی هەمان دەقی عەرەبیی حونەین بن ئیسحاق-ە، كە لە یونانییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، جا دوا بەدوای ڕاڤە و تەئویلی ئەو چریكە، كە وەرگێڕاوەی هەمان شەرح و تەئویلی خاجە نەسیرەدین تووسییە لە ڕاڤەكردنی ئیشاراتا، كە دوای تەرجەمەی دەقی عەرەبی حونەین بن ئیسحاق-ە، كە لە یۆنانییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیی، جا دوابەدوای ڕاڤەو تەئویلی ئەو چریكە، كە وەرگێڕاوەی هەمان شەرح و تەئویلی خاجە نەسیرەدین تووسییە لە ڕاڤەكردنی ئیشاراتا، كە دوای تەرجەمەی دەقی سەلامان و ئەبسالی شێخدا هاتووە كە ئەمەیش هەر وەك وەرگێڕیش ئاماژەی پێی كردووە،

هەر ئەو سەلامان و ئەبسالی کوڕی سینایە و دوابەدوای ئەوەیش ڕاڤەو شەرحی خاجە نەسیرەدین تووسی هاتووە.

٨- مەسنەوی سەلامان و ئەبسالی (جامی) هەموو ئەورەنگی دووەم لە ٧ ئەو ڕەنگی جامی بەسرنجدان بە کتێبی حەوت ئەوڕەنگی جامی بە ڕاستکردنەوەی مودەریس ڕەزەوی و ئەوڕەنگی دووەم بە سەرەتاوە ڕاستکردنەوەی دوکتور رەشید یاسەمی کوردی کرماشانی لە دەسایە و هەیە: ئەمانە و جگە لە تەرجەمەی فارسیی سەلامان و ئەبسال لەگەڵ راڤە و تەئویلی ئەوە لە کاری مەحموود بن میرزا عەلی «ژمارە ٧» لە بابەت ڕاڤە و شەرحی داستانەکان و بەرانبەرکردنی هەندێ بەش و واتاکردنی داستانەکە، لەگەڵ نموونەگەلێ دیکە هەن و جێی سەرنجدان و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەن.

من: «شەپۆل» کە تەمەنی خۆم لە ڕێگای خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی، وەك وەرگێڕانی قورئان بە زمانی کوردی بۆ ئەوەی کە قورئان ببێتە پشتیوانی زمانی کوردی و کەس نەوێرێ بیسووتێنێ یا لە نێوی ببا، یا قەدەغەی بکا، بەڵکو بە تێکۆشانی دڵسۆزانی کورد زمانی، کوردینووس لە ئاکاما زمانی شیرینی کوردی ببێتە زمانی عیلم و تیکنیك و سەنعەت و هونەر و زانین، کە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ١٣٧٦ی هەتاوی و ڕێکەوتی ١٩٩٨ی زایینی لە تاران چاپ کراو تا ئێستا ٧ جار لە چاپ دراوەو هەروەها خزمەتەکانی دیکەم بە زمانی کوردی، کە خۆم خستووەتە، تەنگانە، بۆ ئەوە نەبووە بکەومە فەرعانە، لە باتی ڕەنج گەنجم گیر بێ لە دنیادا، چونکە بەداخەوە زمانی کوردی لێرە کڕیاری نییە، بەڵکو تەنیا پاداش و شاباشی پڕ نرخ بۆ من ئەوەیە کە گەنجان و لاوانی کورد و کوردستان بە کیژان و کوڕانەوە، کە بە دەس عەجەمەوە لە ئاست زمانی کوردی سڕو کپ و بێدەنگن، ڕۆژێ لە ڕۆژانی ڕووناك و پڕ ئەستێرە و ڕۆشنایی، باب و کاڵی نێودار و خزمەتکاری

فەرهەنگ و زمان و ویژەو ویژەوانی کوردەواریی خۆیان بناسن و روو بکەنە خۆناسین و خوو بدەنە خوێندەواری و گەشاندنەوەی زمان و بیروباوەڕی کوردی، چونکا لەم ساتە، وەختانەدا زۆربەی زۆرینەی خوێندەوارانی کورد، بیر لە زمان و شیعر و هونەری کوردی، ناکەنەوە و عەجەم بە فێرکردنی زمان و شیعری خۆی، وای فێرکردوون و باری هێناون کە لە کۆڕو کۆبوونەوانەکاندا بۆ داسەلماندنی مەبەستەکەیان شیعری فارسی لەسەر قسەکانیان دەخوێننەوەو بەداخەوە بە بیرو باوەڕی نامۆ خۆیان گرتووە، خاسمە ئەو کوردە زاناو قەڵەم بەدەسانەی ئەم سات و کاتە زێڕینەی ئێستا، زمان و نووسینی عەرەب، تورك و فارسیان غەنی و تەژی لە نووسینی خۆیان کردووەو لایان وایە، نابێ بە کوردی بیر بکەنەوەو بنووسن و تێ بگەن و پێ بگەن، ئافەرین بۆ خانای قوبادی کە بەخۆی و زمانە کوردییەکەی خۆی دەنازێ و بە شیعر فەرموویەتی: (هەر چەن مەواچان فارسی شەکەرەن – کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن). وەك ئەوە، ئەو کوردە تورکی نووس و عەرەبی نووس و فارسی نووسانە ناتوانن لە باتی شیعری فارسی، شیعری کوردی، نالی، وەفایی، مەولەویی کورد، مەلا پەریشان، میر نەوروز، خانای قوبادی، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد «بەها» و سیف القضات، مەلای جزیری، حەکیم ئەحمەدی خانی، هێمن و هەژار لەبەرکەن و بەڵگەی پێی بهێننەوە، کەچی شاعیر دەڵێ:

ئاخ بۆ دەنگخۆش لە ژوور سەرینمان
بەچریکەی کوردی بدا تەلقینمان.
بیست ساڵان کزو بێکەس و بێدەر
گوزەرانم کرد بە خوێنی جگەر
دین و ژیانم لە دەس چووبووە، دەر
کورد بوو، دەناڵی لە قەسری قەجەر
رزگاریان کردم خودا و پێغەمبەر.

مەگەر چاڵی چەنەت زیندانی قەسرە
کە رزگاربوونی ئێمەی لێ مەحاڵە
پاك بەحر ببنە حیبر و مێشە، قەڵەم
نادرێ شەرحی زوڵم و زۆری عەجەم
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشت پێت دەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ رێی تەرەقی پێشرەوێ
قـەڵـەم دەست دەیـەو بـبـە مـەکتـەبـی
وەخت و بێ وەخت لە خوێندن نەبی

(ئەم شیعرانە هی هەژارە).

دکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی «شەپۆل».

هەر کەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
ڕەحمەت و بەرەکەت بەسەر خۆیدا دەبارێنێ

(شەپۆل).

کوردستان ئەم بەهەشتە ڕەنگینە، بە درێژایی مێژوو، زانایان، هۆزانان، بـیـرەوەران، فـەیلـەسووفـان، سەرداران، بوێران، هـەستـیـاران، نووسەران، قورئانزانان، وێژاوەران، دڵسۆزانی کورد و کوردستانیانی گەورە، شیاو، لە کارزان و بەمشووری زۆری لە باوەشی پڕسۆز و گەرمی خۆیدا پەروەردە کردووەو بە جیهانیانی ناساندوون کە هەر یەکە لەوانە لە ڕۆژگاری خۆیاندا و لە دواڕۆژیشدا هەر نور و پڕشنگی عیلمیان دنیای داگرتووە. یەکێ لەو پڕزانایانە شێخ شەهابەدین سوهرەوەردیی کوردە. سوهرەوەرد نـێوی شارێك بـوو لـە نـێوان هـەمـەدان، زەنجان، سجـاس، دیـنـوەروشێز سازدرابوو لە باری جوغرافیاییەوە بەشێ بەرفرەی گەرووسی کەوتبووە بەر، سوهرەوەرد کە دوای هێرشی مەغۆل و لەنێوچوونی سوهرەوەرد لە

سەدەی حەوتەمی مانگی ئیدی ئاوەدانی جارانیی بەخۆوە نەدیوە، مێژوو دەنووسیٚ لە سەرەتای حکوومەتی قاجار بەدەستووری میرزا شەفیع سەدر ئەعزەمی فەتحعەلیشا سوهرەوەرد لە گەرووس جیاکرایەوە و کرا بە بەشیٚ لە قیداری زەنجان. ئەفزەلمولوك لە کتێبی ئەفزەل تەواریخ دا هۆی ئەوەی وا نووسیوە: کە لە دەورەی فەتحعەلیشا وا باوبوو حوکومەتی هەر ویلایەتیٚ لە ئێراندا دەدرا بە شازادەیەك لەو چاخەدا  هەر یەکە لە کوڕانی شای قاجار خودانی حکوومەتیٚ بوون، تەنیا شازادە دارا، نەبیٚ ویستیان بۆ ئەویش فکریٚ بکەنەوە. میرزا شەفیع وای بە باش زانی لە ٥ ویلایەت ٥ بلۆك و ناحیە جیا بکرێتەوە و بیکەنە یانەی حکوومەتی و شازادە دارای لەسەر دابنێن، جا هەر لەبەر ئەوە لە شاری قەزوێن گەرووس، ئازەربایجان و... ٥ بلوکێکیان جیاکردەوە و بەخەمسە (٥ بلۆك) ناونراوە، شازادە دارا کریا بە حاکمی. – کوڕی حەوقەل دەنووسیٚ: سوهرەوەرد هەروەك شارەزوور و هەر بەو پان و بەرینییەوە شاریٚ بووە پڕ پیت و بەرەکەت و پڕ لە میوە و دانەوێڵە و... هەروا ئەبو دولف یەنبووعی ناودار بە ئیبن موهەلهەل شاعیر، جیهانگەڕ و نووسەری سەدەی چواری مانگی لە بابەت شێزەوە دەنووسیٚ: شێز شارێکە لە نێوان: مەراغە، زەنجان، سوهرەوەرد و دینەوەر دایە، کە بە نەقل لە ئیستەخری کە دەڵیٚ: لە باکوری شاری هەمەدان ڕێگایەك لە شاری سوهرەوەردەوە، دەچووە زەنجان، هەر چەندە ئەو ڕێگایە لە ڕێگاکانی تر، سەر ڕاستتر بووە، بەڵام لە مەترسیی کوردەکان کە سوهرەوەردیان لە دەسا بوو، ئەو ڕێگایە زۆر ئەمین نەبوو. شێخ شەهابەدین بن حەبەش، بن ئەمیرەك ناودار بە شەهابەدین سوهرەوەردیی کورد: شێخی ئیشراق لە ساڵی ٥٤٩ی مانگی لە سوهرەوەرد لە دایك بوو و بۆ ماوەیەك لە مەراغە لە فێرگەی مەجدەدین جیلی زانینەکانی خوێندووە و لە ساڵی ٥٧٩ی مانگی چۆتە حەلەب و خەریکی فێرکردنی زانینەکانی فەلسەفەی ئیشراق و لای مەلیك زاهیر کوڕی سوڵتان سەلاحەدین ئەییوبی زۆر بەڕێز و دارای قەدر و حورمەت بووە و فرە ڕێزی بۆ دانریاوە. فەلسەفەی ئەم فەیلەسووفە کوردە،

بـه حـیـکـمـەتـی ئـیشراق نـاسراوە، زانـایـانیّ وەك شارەزووری، قـوتـبـەدین شیرازی، مولّلاسەدرا و حاجی مەلا هادیی سەبزەواری، بیروڕای شێخی ئیشراقیان پەسەند کردووە و دەستیان کردووە بە ڕاڤە و تەفسیر و تەوزیحی ئەوە: شێخی ئیشراق ناسەوەر و خواناس و عارف بووە و فەرموویەتی: زۆربەی بیروڕاو ئەقیدەی من لە ڕێگای عیرفان و ریازەتەوە بەدەس هاتوون، شێخی ئیشراق ماهییەت بە ئەسڵ دەزانیّ و وجود و بەشتیّ ئەقڵی و ئیعتباری دائەنیّ. ئەم چارینە فارسییە هی ئەوە:

هان تا سر رشتەی خرد گم نکنی
خود را زبرای نیك و بد گم نکنی
رهرو تویی و راه تویی، منزل تو
هشدار که راه خود بە خود گم نکنی

دوکتور شەفیعیی کەدکەنی بە شیعر لە پەسەندی شێخی ئیشراقدا فەرموویەتی:

فخر تاریخ و تبار همەی ماست ز کُرد
شیـخ اشراق و نـظـامـی دو تـن از اکـراد
اصل کرمانجی و گوران و زازا خود چیست
حرف شیرین که سخن سر کندا از فرهاد

شێخی ئیشراق، زانایێ فەقیه، فەیلەسووف، شاعیری کوردزمان، بیرورد، قسەزان، قسەڕەوان، زمان تەڕو پاراو، زانا بە عیلم و دین و حیکمەت و فەلسەفە و شافیعی مەزهەب و زانا بە زانینەکان بووە.

# شێخی ئیشراق

نەخشی فێرگەی ئیشراق و شێخ شەهابەدین سورەوەردی

لە تەسەوفا وتوویانە: چار ڕێگا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت هەیە:

١– مەداری ئیفادە و ئیستفادە (فێرکردن و فێربوون) لە سەر بێژەو واژەیە و مەرج بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ دینێکا لە نێوا نییە. ئەمە فەلسەفەی مەششائی ناوە. (سەرۆکی فەلسەفەی مەششا لە یۆنانا ئەرەستوو لە دەورەی ئیسلامەتیشدا ئیبنی سینایە).

٢– مەداری ئیفادە و ئیستیفادە لە سەر بێژەو واژەیە، بەڵام مەرج بۆ ڕێکەوتن لەتەك ئاینێکا لە گۆڕدایە، بەمە ئەڵێن: زانستی کەلام.

٣– مەداری سوودگەیاندن و سوودوەرگرتن لەسەر بێژەو واژە، نییە و هۆی لێك حاڵی بوونی مامۆستا و فەقێ تەنیا نووردانەوە و ئیشراقی دڵ و دەروونە و ڕەنگدانەوەی نووری زانینە لە نەفسی ناتیقە: (قسەی بێژەر): مامۆستا بۆ ناو دڵ و هەناوی فەقێ بێ ئەوەی قسە کردن و بێژە دەربڕین لە کارابێ و ڕوابێ، ئەوەی بیەوێ، لەگەڵ یەك ئاینا ڕێکەوێ و بەرانبەر بێتەوە، ئەم ڕێگایە، کە ڕچە و ڕێگای حیکمەتی ئیشراقی ناوە. سەرۆکی فەلسەفەی ئیشراق لە یۆنانا ئەفلاتون و لە دەورەی ئیسلامەتیدا، شێخ شەهابەدینی سورەوەردی ناودار (بە ئیشراق)ە.

٤– مەداری فێر کردن و کەڵك گەیاندن و کەڵك پێی وەرگرتن لەسەر بێژە و واژە نییە، بەڵام بەرانبەری کردن لەگەڵ یەکێك لە ئەدیانا پێویستە، ئەم ڕچەش ناوی عیرفان یا تەسەوفە. لەم تاریف و پێ ناساندنانە، وا دەردەکەوێ کە حیکمەتی ئیشراق لە سەرباسی ئازاد دامەزراوەو بەرانبەر کردنی لەگەڵ ئایندا نابێ، بەڵام عیرفان لەسەر پایەی

بەرانبەری کردن لەگەڵ ئایندا دەلویّ و عیرفان لەسەر پلەی بنەڕەت و مەبانی و ئوسوولی دین دامەزراوە.

لێرەوە دەردەکەویّ کە حیکمەتی ئیشراق تا چ رادەیەك لە عیرفان و تەسەوف نێزیکە و خزمایەتییان پێکەوە هەیە، وەکو لفەودوانە یا هاواڵ زاوا بن وایە، جا هەر لەم سوێنگەوەیە کە سۆفیان زۆر لە زاراوەی حیکمەتی ئیشراق کەڵك وەردەگرن. شارەزووری لە (نەزهەتولئەرواح) دا دەنووسیّ شێخ شەهابەدین سورەوەردی لە گوندی سورەدیّ (لە ٥٤٩ مانگی چاوی بە جیهان هەڵێناوە و لە ٥٨٧ی مانگی هەتاوی) بە هۆیەکی نادیار بارگەی بەرەو لای خوا تێك ناوە، سورەدیّ یەکێکە لە دێهستانی بەشی قیداری سەر بە زەنگان[١]

شێخی ئیشراق شەهابەدین ئەبو فەتح یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەك، سورەوەردی، کە لە دەورەی شارستانیەت و ژیاری ئیسلامەتیدا سەرۆکی فێرگەی ئیشراقە، شێخی ئیشراق لە سەرەتاوە لە مەراغە خەریکی خوێندنی حیکمەت و ئوسوولی فیقهـ بووە، لای شێخ مەجدەدین جیلی کە مامۆستای ئیمام فەخری رازیش بووە، خوێندوویەتی و لە پاشان چووەتە ئیسفەهان لای زەهیرەدین قاری دەرسی تەواو کردووە و لە کاتی فەقێیەتیدا هاوەڵ فەقێی ئیمام فەخری ڕازی بووە و خاوەنی پەڕاوەی تەبەقات (الاطباء). دەنووسیّ: شێخی ئیشراق لەگەڵ زۆربەی زانایان و کەڵەپیاوانی ئاینی و عیرفانی: (میستیك) لە ڕۆژگاری خۆیدا سەری ناسیاوی داخستووە. شێخی ئیشراق: لە جیهانی عیرفان و تەسەوف وردبۆتەوە، هەروەکو لە نووسراوە، جوان و دڵگیرەکانی باش بە ڕووناکی دەردەکەویّ. شێخی

---

(١) سُهْرَوَرْدْ: مدينة في شمالِ غربي ايران، سكانها الاكراد في القرن ١٠، خربها المغول بحملاتهم الحربية فى القرون الوسطى. پەڕەی ٣٦٩ ئەلمونجید لە ئەعلاما چاپی بیروت ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ز – واژەی سُهْر بەواتای سوورەو واژەی وەردیانی بەرد ( ب – بۆتە: و) سُهْر لە زمانی فارسی و عەرەبیدا بەکار نابریّ، کورد، بە تایبەت کوردی کرمانج بەکاری دەباو شێوەزاری کوردی کرمانجییە (شەپۆل).

ئیشراق قەسیدەیەکی حائیەی هەیە کە ئەمە شیعری یەکەمینیەتی: (أَبَداً تجِن اِلیْکُمُ الاَرْواحُ = وَ وِصالُکُمْ رَیْحانُها وَ الّراحُ).

کە لەوپەڕی نەرم و پاراوی و شیرینی و ئێسك سووکیدایە. بەڕاستی ئەگەر زمانی عەرەب وێنەی ئەم قەسیدەی زۆر هەبوایێ ڕێباز و ڕچەی شیعری عەرەبی لە عیرفان و تەسەوفا دەگۆڕاو چارەنووسێ تری دەبوو.

ئەم قەسیدەیە تەغەزولێکی: (میستیك): عیرفانییە کە لەوا شێخی ئیشراق بە زوانی غەزەل و، وەژد ئارەزووی خۆی بۆ جیهانی ڕۆح و گیان واتا کردووەو دەری بڕیوە و فەرموویەتی: (هەمیشە دڵ و دەروونی خاوەن دڵ بۆ دیتن و گەیشتن بە ئێوە لە هاوارونالە نالّدایە، ئەو گوڵە بۆن خۆشە کە گیان دەلاوێنێتەوەو ئەو مەیە بێ خەوشەی، کە دڵ و مێشك ئاو یا زاخاو دەداو دەیباتە ئەوپەڕی خێر و خۆشییەوە دیتنی تۆیە و بەس: (مەبەست خوایە). دڵی ئەویندارى تۆ لە ئاگری دیدارا گڕی گرتووە و لەو گڕگڕە هەناوی منە دەگڕێتەوە، تەنیا بە گەیشتن بە تۆ ئەو گڕە ئاگرە دەکوژێتەوە. دڵم بۆ ئەوینداران ئەسووتێ، چونکا دەیانەوێ بە زۆرەملێ و ددان بە خۆداگرتن عیشق و ئەوینی دڵی هەڵپرووزاوی خۆیان لەبەر چاوە چاوی ئەم و ئەو، بشارنەوە و شوێنە گوم کێی پێ بکەن.

– بەڵام شوێنەواری عیشق و ئەویندارى لە چڕ و ناوچاوانیاندا دیارە. ئەگەر ڕاز و نهێنییەکانیان دەرخەن لە لای ڕواڵەت پەرستانا خوێنی گەش و ئاڵیان حەڵاڵە، وەك ئاوی زولاڵە، بەڵام باز لە ڕاز ناچڕێتەوە، جا با قەل و قشقەرە، هەر بقرێنەوە. ئەگەر عیشق و ئەوینی خۆیان بشارنەوە، فرمێسکی بە خوڕ لە چاوان تکان، ڕازی نهێنیی ئەوان ئاشکرا دەکا و ڕەنگ و ڕوخسار و کوڵمی پڕ هەڵمی زەردییان لە سەردەردی نهێنییان شایەدی دەداو پەردە لەسەر هەناسەی سارد و ڕوو زەردییان لادەدا و خوێناوی دڵ گوڵی دەوێتەوە سوور هەڵگەڕێتەوە.

مەعشووقەی حەقیقی لەگەڵ ئەوانا لە جیهانی خۆشەویستی و ئەوینا، دڵی ئەوانی لاواندۆتەوەو ئەویندارانیش دڵ و دەروون و بوون و نەبوونی خۆیان لەبەردەستی ئەویان داناوەو بەویان سپاردووەو دڵیان لە ناو زەریای نوورو تیشکی خواییدا کەوتووەتە مەلەباسکە. ئەگەر لە ئاسۆی عاسمانی دەس بە داوێن گەیشتن، زەردەی دەم کەلی ڕۆژهەڵات دەرکەوێ، شیاو نییە، ئەویندار بەڕاستی سەرزەنشت بکرێ، چونکا ناتوانێ خۆی ڕاگرێ، گڕی ئاگری دڵی دانامرێتەوە.

دڵ و دەروون براوانێ کە ئەوین، گشت گیان و لەشی ئەوانی تەنیوەتەوە و هێز و توانا و وزەی لێ چنیون و ناتوانن ڕازی دڵ بشارنەوەو لە حاڵی خۆدا لەسەر تاشە بەردی ڕاز و هەوراز خۆیان بەر ئەدەنەوە و ڕاز دەدرکێنن و خۆ دەترەکێنن، چ گوناحێکیان کردووە. ئەوانە دەسیان لە خۆ بەرداوەو دەسیان لە داوێنی دۆس وەرداوەو سوودی خۆیان لەو سەودایەدا دۆزیوەتەوە.

ئەم دڵ براوانە بەڕواڵەت لە گۆڕان، بەڵام ئەوە گۆڕی لەشیانە، وا لەکۆڕا گۆڕایە، نەك دڵ و هەناویان، دیارە کاتێ لە حاڵی خۆیاندا چاویان بە بەژن و باڵای پیری واڵای دڵ براوی خۆیان بکەوێ، بێ باکانە پەردەی دڵ دەبڕن و دڕ دڕێن دەخەنە ئەو ناوەوەو دەس دەکەن بە یاهو یاهو و دەڵێن: (ئەم نا ئەو) مەعشووقە هەوساری لەدەس ڕفاندوون، لە بەرانبەرا ئەم دڵبراوانە پەردەیان لەسەر واتا داڕنییەوە ڕازی مان: (بوون) یان. لە ئەمانەدا دۆزیوەتەوە. ژیانی ئەم جیهانە دوا بڕانەیان، لا دوا بڕاوە و بایەخی لای ئەمانە بۆ نەماوە، ئەوانە وان ئێوەش ئەگەر وزەتان ماوە، تەك بدەن بەلای خواوە، مەگەڕێنەوە بۆ دواوە، بە ڕێباز و ڕچەی پیاوانا ڕۆیشتن هۆی ڕزگار بوونی تەواوە، لەم سۆنگەوە دەڵێن: ئەوینی شێخی ئیشراق سەری لە عاسمان داوە و زۆر، بەرز و پتەوە، بەهیچ ڕەشەبایەك ناڵەرێتەوە. گڕ دەگرێ، ڕۆژ ئەگەر ئاگری هەناسەی هەڵگەڕێتەوە. کوژراوە دایکی ڕۆڵە، مەمك

نامژێتەوەو دڵ ژیلەمۆیە، ئاگری گڕی دڵی هەرگیز ناکوژێتەوە.

بەم قسانە پێوەندیی حیکمەتی ئیشراق لەگەڵ عیرفانا جوان دەردەکەوێ، ئەم حیکمەتە لە ئاڤێستا کتێبی زەرتوشت، سەرچاوەی گرتووە، تا گەیشتۆتە ئێستاو لە سەر زانیاری سۆفیانیش شوێنی دانیاوە و بە بیری تیژی سوورەوەردی بژیوی پێ دراوە و ڕەنگی زەردی سوور هەڵگەڕاوە.

**یەك بوونی فەلسەفەی ئیشراق و ئاکار و عیرفان لە ئامانجا:**

ئەشێ بزانین فەلسەفەی ئیشراق و زانستی خوو و ئەخلاق و تەسەوف و عیرفان هەرچەندە بەڕواڵەت لێك جیان، بەڵام لە ڕاستیدا بە یەك ژەك فرچکیان گرتووە و لە سەرچاوەیەك ئاودراون و پاراو کراون، مەبەستی هەموویان ئینسانە و ئەو پێگەیاندن و باش فێرکردن و خاس بارهێنانە، ئامانجی زانایانی خوو و ئاکاری ئینسانە کە سەرمەشق و وێنەی بەرزی خو و ئاکاری باش و پەسەندی مرۆڤانی بێ.

هەروا لە فەلسەفەی مەشائیشا لە باس و خواسی نەفسا زۆر بە ڕووناکی دەری بڕیوە کە ئامانجی دڵخواز (تەزکییەی نەفس) و تەلتیفی ڕۆح و گیانە (يُزَكِّيهِمْ وَ يُعَلِمُهُمُ الْكِتَابَ وَ الحِكْمَةَ) فەرموودەی خوای بێ تایە و دوورە پەرێزی لە لێڵاوی ماددی و ئەنبوژەنی و پێوە لکانی گیانە، بەجیهانی ئەودیوی نادیار و ناتێکەڵاوە.

فەلسەفە و حیکمەتی ئیشراقیش کون بەکون بەدووی مرۆڤی کامیلا (کامڵ) گەڕاوە کە دڵ و دەروونی ئەو مرۆڤە، وەکو ئاوێنە جوان بنوێنێ و ژەنگ و گەرد، لە دڵ و دەروونی نەدابێ و ڕەش هەڵنەگەڕابێ.

عیرفانیش گەرەکیەتی ئینسان دەس لەم جیهانە ناپایەدارە هەڵگرێ و بەرەو لای خوا هەڵگەڕێتەوەو خوو و ئاکاری خوایی بگەڕێتەوە. لێرەدایە حافزی شیرین زبان فەرموویەتی:

يك قصّه  بيش نيست غم عشق و اين عَجَبْ
كَزْ هَرْ زَبان كه مى شنوم نامُكَرَّرْ است

خواناسه مەزنەكان و هەندێ لە شاعیرەكانمان وەكو مەولاناخالید. حەكیم مەولەویی كورد، مەحوی، وەفایی و حاجی خەلیفەو مەلا محەمەد (بەها) ئەمین حوزووری شێخ عوبەیدیلای نەهری، شاهی شەمزین، كە دەسێ بالآیان لە فەرهەنگی ئیسلامەتیدا هەبووە، زۆر وەستایانە لەم بارو بابەتانەوە، دواون، ناچارین بێژین: (سنوور و كەوشەنیان بڕیوە و سەریان لە عاسمانی قسەزانی و زمان پاراوی ساویوە).

ئەمەش نموونەی شیعری پارسی سورەوەردی:

من آن بازم كه صيادان عالم
همه وقتى به من محتاج باشند
شكار من سيه چشم آهوانند
كه حكمت چون سرشك از ديده بارانند
به پيش ما از اين الفاظ دورند
بەنزد ما ازين معنى تراشند

شێخی ئیشراق لەم هۆنراوانەدا ئاماژە و دیاردی بۆ چریكەی: (ئاوەزی سوور) دەكا كە ئایا پەلەوەران زمانی یەكتری دەزانن، قارەمانی چریكەش لە وەلاما دەڵێ من خۆم گیانم چووەتە ناو لەشی بازێ و لەتەك بازە پەلەوەرەكانی ترا قسەم كردووە، تا ڕۆژێ كەوتە داوی نێچیرڤانان و بردیانە سەر زەوینێ تر و چاویان بەست و لە پاشان كەم كەم چاویان كردەوە، لە دەرفەتێكا ڕۆژێك لە شەقەی باڵ دەداو ڕوو دەكاتە چۆڵگەو دەشتێك و لەوێ مرۆڤێك بەسەرو سیمایەكەوە، كە خۆی بەیەكەمین زاروڵەی ئافەرینش دەناسێنێ دەبینێ و هۆی ڕەنگ سووریی خۆی

دەدرکێنێ. ئەو مرۆڤە قسە لە کێوی قاف و گەوهەری شەوچراو داری تووباو شتانی عەجباتی تر دەکا، ڕێگای کێوی قاف نیشان دەداو گەوهەری شەوچراو داری تووبا واتا: و ڕاڤە دەکاو چریکەی (زاڵی زەری کورد) و سیمورغ و ڕۆستەمی کورد[١] و (ئەسفەندیار) دەگێڕێتەوەو لە وەرامی (باز)ەکەدا کە چ بکا تا ئاسان بگاتەوە زێدو نیشتمانی یەکەمین، ئەو مرۆیە پێی دەڵێ: دەبێ وەکو خدری زیندە بڕوا سەرچاوەی ئاوی ژیان بدۆزێتەوە و مەلەی تیا بکا تا لە بریندار‌بوونی تیرو چەقوی بەلاَو وێشوومە ڕزگاربێ. ئەم چریکە ئاماژە و دیاردییە، بۆ خواناسی و جیهانی مەعنەوی و نادیار و پەیاکردنی یار و یاوەری ڕاستینی کارو کردەوەیە.

بەرانبەری ریسالەی: (فی حالتِ الطّفُولَیةِ) سوورەوەردی لە کاتی منداڵیدا بۆ فێربوونی زانست و هونەر دەکەوێتە دوای منالاَنی تر و دەچێتە لای مامۆستا و لە بیابانا پیرێ نوورانی دەبینێ و ماوەیەك لای ئەوە خەریکی فێربوونی ئەلف و بێکە دەبێ. ڕۆژێك لەگەڵ نەناسیاوێکا دەچێتە لای پیرو دەس دەکا بە گێڕانەوەی کەشف و کەرامات و فێربوونی عیرفان، پیر تووڕە دەبێ و خۆ ون ئەکا، شێخی ئیشراق هەرچی بەدوی پیرا دەگەڕێ

١- مایەو دایەی پروردن ایران مهین
بود آئین مهابادی وملك مادا
فخر تاریخ وتبار همەی ماست زکرد:
شیخ اشراق ونظامی دو تن زکرادا
خان زند، آنکە چنو مادر ایران کم زاد
رستم کرد بد اَمّا نە کە فَرُّخ زادا.

شەفیع کەدکەنی دنیای سوخەن ٢٩- کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی- چاپی دووەم ٢٠٠١/٢/٣ز- تاران- پەڕەی ١١٧. - بەقەڵەمی (شەپۆل) دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی. قسەکانی ئایەتوڵلا، لاهووتی لە کۆنگرەی یادی نیزامیی گەنجەوی، یادی نیزامیی گەنجەوی چاپی زانکۆی تەورێز.

نـایدۆزێتـەوە. تـا ڕۆژێ بـەیـارمـەتیـی پیرێ تر لـە خـانـەقـایـەکدا ئـەو پیرە؛ ئەدۆزێتەوەو دەچێتە زیارەتی و داوای لێبووردنی لێ دەکاو ئەم دەرسە فێردەبێ کە نابێ ڕازی خوایی لای ئەم و ئەو یا لای نەناسیاو بدرکێندرێ. لە دواییدا قسە لە بابەت چارەی نەخۆشیی مەعنەوی دەکرێ، پیر ڕێگای خـوانـاسی بـەپـزیشکـی نـەخـۆشی لـەشولار نیشان ئـەدا، سەبـارەت بـە ئافەرینشی جیهان و ئاکار و خۆی مرۆڤانی خواناسی ڕێ و شوێنی دەروێشی بـەتـایـبـەت شایـی و هـەڵپـەڕکـێ و ملـبـادان و سەرڕاژانـدن جەزبەبوون و هـای هو گوتن و هەڵسووڕو داسووڕی عیرفـانی و دەروێشی، پرسیارگەلێ فرە کریا و وەڵام دریاوە (هاتەوە حەلقەی دەر هەرمەلەر یاوە). زۆرێ لە ڕازی خواناسی بوو ناسیاو کریاوە و باش وەرام دریاوە.

گـر عشق نـبـودی و غـم عشق نـبـودی
چندین سخن نغز کە گفتی و شنودی...
ور بـاد نـبـودی کـە سر زلـف ربـودی
رخسارەء معشوق بە عاشق کە نمودی
گـر پـیشتـر از مـرگ طـبـیـعـی نمردی
بـر خـور کـە بـهشت جـاودانـی بـردی
ور زانك دریـن شغـل قـدم نـفشردی
خـاکت بـر سرکـە خـویشتن آزردی
هـان تـا سر رشتـە خـرد گـم نـکـنـی
خـود راز بـرای نـیك و بـدگـم نـکـنـی
رهـرو تـوئـی و راه تـوئـی، مـنـزل تـو
هشدار کـە راە خـود گـم نـکـنـی

## مەلای جزیری و شێخی ئیشراق

مەلای جزیری لە قەسیدەی ٨٤دا لەم بابەتەوەیە کە فەرموویەتی: هەژار دەڵێ:

مەب ئیشراقی سوئالەك ژ لەبی غونچە گوشا کر
کـوب ئـیـلـهـامـی دسوئـالا مـە جـەوابـە.
یان، گۆ ب ئیلهامی دزانی د سوئالاتە جەوابە.

مـانـای وشە: ئـیشراق: تـیشکدان، ئـیشراقـیـون، ئـەو کـەسانـەی سەر بـە فەلسەفەی ئیشراقن کە بەخۆیان گوتووە ئیشراقی، فەلسەفەی ئیشراق لای وایە زانستی ڕاست و دروست بێ خەوش تەنیا لە ڕێی دەروونی ڕوون و دڵی ڕووناك پەیدا دەبێ و هیچیتر نا، داهێنەری ئەم فەلسەفە لە ئیسلامدا شێخ شەهاب الدین سوهرەوەردی کوردە، کە ساڵی ٥٨٧ی کۆچی مەلاگەل بەگژی داهاتن و لای سوڵتان سەلاحەدینی ئەییوبی بە کافریان لە قەڵەم دا و دژو دوژمـنـانـی سەلاحـەدیـن بـۆ لـەکـەدار کردنی سوڵتـانـی کورد، وتوویـانـە: سەلاحەدین فەرمانی بە (مەلیك زاهیر)ی کوڕی خۆی دا، گرتی و کوشتی.

**نوکتە:** ئـالـبـێر شاندۆر لـە کتێبی سەلاحـەدیـنـی ئـەییوبی تـەرجـەمـەی محەمەدی قازی چاپی١٣٦٩ بڵاوکی زەرین، تاران، دەنووسێ: یەکێ لە کوڕەکانی سەلاحەدین لە باوکی دەخوازێ ئیجازەی پێی بدا تا بەدەستی خۆیی سەری چەن کەس لە مەسیحییان هەڵکەنێ. کە لەوپەڕی دنیاوە هێرشیان بۆ سەر موسوڵمانان هێناوە، ئەو لای وابوو بەو کارە زیاتر شیاوی موسوڵمان بوون پەیدا دەکا، بەڵام سوڵتان سەلاحەدین، لەوەڵاما پێی دەڵێ: ڕۆڵە گیان خوا پێی خۆش نییە، من بەو کارە ناشیاوە ڕازی بم. من قەت نامەوێ زارۆکانم خوێن ڕشتنی خەڵك بکەنە گاڵتە و گەپجاڕی

خۆیان و خوو بەوە بگرن، ئەویش خوێنی ئینسان گەلێ کە لە قەدر و قیمەتیان بێ ئاگان و تەنانەت لە هەلومەرجێکدا کە هێشتا نازانن جیاوازیی موسڵمان و ناموسوڵمان لە چیدایە. تۆ جوان بیر لەو قسانە بکەوە، خاوەنی ئاوەها وتە و بیرێ بەنرخ کە لە سەر ئەم نوکتە دووپاتەی کردووە، وەختێ کە لە قەدر و قیمەتیان بێ ئاگان زاتێ وا ژیر و بیروردو مرۆدۆست چلۆن؟ بەخۆی ئیجازە دەدا زارۆکانی دەس بۆ کوشتنی خەڵك ببەن، جا چلۆن دەگونجێ دەستووری شەهید کردنی زاتێ وەك شێخ شەهابەدین سوهرەوەردی فەیلەسووفی ئیشراقی دابێ، دیارە کەسانێ ئەو تۆمەتەیان بەیان کردووە یا نا ئاگان یا ویستوویانە، ئەو خانەدانە گەورە کوردە لەکەدار بکەن، دیارە ئەو تۆمەت سازدەرانە دژی کورد و کوردستانن.

ئیشراقییەکان کاریان بەقسە کردن نەبووە، ڕازی دڵیان دەخوێندەوە و بەتەماشای بیچم و کەسم لە یەکتری دەگەیشتن، ئیلهام: بیرخستنە دڵەوە.

**پوختەی مانا:** ئێمە هەر لە ڕێی دەروونەوە پرسیارێکمان لەو لێوەی کە هەموو خونچەی پێ دەپشکوتن– کرد، دەشمانزانی هەر لەڕێی دڵیەوە دەزانێ کە وەرام بۆ پرسیارەکە، هەر لە نێو پرسیارەکەدایە، ئەو دەزانێ من چیم دەوێ و دەشزانی کە من دەزانم ئەو ئاواتم بۆ پێك ناهێنێ یان بە خستنە دڵم، گوتی: تۆ دەزانی وەرام هەر لە پرسیاری خۆتدایە.

گوڵی باخان لە شەرمی کوڵمە سوورە
لەڕووی ئەو پەلکی گوڵ ئەستوورە زوورە.
گوتم: مردم نەگەیمە ماچێ فەرمووی
هەژار بمبوورە دوورە ئەو سنوورە

نەقڵ لە دیوانی مەلای جزیری بە شەرح و ڕاڤەتی لێکۆڵەر و وەرگێڕو شاعیری ناوداری کورد، هەژار، پەڕە ٤٣١، ٤٣٢ چاپی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی.

– ئەم دوو شیعرەش ئاماژەیە بۆ خواناسی و مەعنەوی:

ازرق پـــوشان کـــه فـــراوان بـــاشنـــد
صوفـی صفـتـان مـیـان ایشان بـاشند
کایشان همه تن باشند از جان خالی
وآنـان چـکـنـی تن که همـه جـان بـاشند

## سەرچاوەی حیکمەتی ئیشراق

سوورەوەردی، سوودێ زۆری لە نووسراوەکانی حەلاج و (میشکاة الانوار)ی غەزالی وەرگرتووەو هەروا لە فەلسەفەی مەشائی ئیسلامەتی بەتایبەت لە فەلسەفەی ئیبنوسینا (کە هەندێ لەوانەشی داوەتە دواوە) وە لە فێرگەی فیساغورس، ئەفلاتوون، هیرمیس، وەرگرتووە.

– زانایانی جیهانی ئیسلامەتی وتوویانە: ئیدریس پێغەمبەر، یا نوخ (بەعیبری ئەنوخ) کە هەمان (هیرمیس)ە، هەروا شێخی ئیشراق لە حیکمەتی ماد و کورد و ئێرانی کەڵکی وەرگرتووە.

شێخی ئیشراق لە کتێبی (کلمة التصّوف)دا فەرموویەتی: (لە ناو کورد و ئێرانیدا تاقمێ هەبوون کە بەڕاستی ڕێگانیشاندەرو حەکیمانێ زاف زانابوون کە لە مەجوس: (موغەماد) نە دەچوون و دولینگانەیان بەو ڕێگایانەدا هەڵ نە دەهێنایەوەو ئێمە حیکمەتی نوورییەی شەریفەی ئەوانەمان کە چێژو زەوقی ئەفلاتوون و هی زانایانێ تر بەر لەوان لە پەڕاوەی (حِکْمَةُ الاشراق)دا وەرگرتووە و دووبارە زیندووم کردوونەتەوە، دیارە لە کۆکردنەوەو سازدانی ئەم مەبەستانەدا هیچ زانایەك، وەپێش من نەکەوتووە.

شێخی ئیشراق لە (حِکمَةُ الاشراق)دا نووسوویەتی...

قاعیدەو دەستوورەکانی فەلسەفەی ئیشراق لەسەر نوور و تاریکایی دانراون، کە ڕێبازی حیکمەتەکانی، کورد و گەلی ئێران بووە، وەکو

جاماسب، فەرشادشور (فەرشوشتەر- بوزورگ میهر) و حەکیمانی تر بەر لەمانە بوون. بەڵام دەشێ بزانین جیهانی شێخی ئیشراق، وەکو جیهانی ئیبنو عەرەبی جیهانێکی ئیسلامەتی و خواناسانە و عاریفانە بووە و تەواوی دڵ و دەروون و سەرتاپای گیان و لەشی هەر تیشك و نووری زاتی خوای بێ چون و تاقانەی لێ باریوە، وجوودی تەژی بووە لە تیرێژو تیشك و گڕ و نووری خوای بێ لفو بێ چوون.

سورەوەردی لە وتاری شەشەمدا لە باسی تەبیعیاتی پەڕاوەی (مطارحاة)دا، لە بابەت گشت حیکمەتی ئاینی کۆنەوە بێ پەردە قسەی خۆی دەربڕیوە، ئاخرین کەسانێ لە تاقمی یونانییەکان کە باش لەو مەبەستانە ئاگادارن ئەفلاتوونەو ناودارانی تریش کە لەو مەبەستانە کۆڵیونەتەوەو ناویان لە مێژوودا ماوەتەوە (هیرمس)ە- ئاگاثدمون: شیث)ە - وە لە ناو پەهلەوییەکانیشدا (گولشاه) کەیومەرث - (گایومیرت)ە[1] وە هەروەها لە پێڕەوانی ئەویش ئەفەریدون و کەیخەسرەو)ن.

**مێژووی فەلسەفە:** لە ڕوانگەی سوورەوەردییەوە مێژووی فەلسەفە:

شێخی ئیشراق کە لە مێژووی فەلسەفە، دەدوێ لای وایە حیکمەت یا حیکمەتی ئیلاهی لە لایەن خواوە دراوە بەئیدریس پێغەمبەر یا هیرمیس، دیارە لە سەتەکانی ناوەڕاستا لە خۆرهەڵاتەوە لە هەندێ فێرگەکانی خۆرئاوادا، ئیدریس پێغەمبەریان بەدامەزرێنەری فەلسەفە و زانیاری داناوە. حیکمەت دوای ئەوە بووەتە دوو شاخە، یەك لەوانە هاتە کوردستان و ئێران ئەوی تریشیان چووە میسر، لەوێشەوە چووە یۆنان و لە دوایشا چووە ناو ژیاری جیهانی ئیسلامەتییەوە. شێخی ئیشراق گرینگترین پێشینانی خۆی بە خواناسان و سۆفییەکان داناوە، نەك فەلسەفە.

---

(١) لە بیرەوەریی تەیموورە شەلە، لە زمانی سووری ڕابەری موغان نەقڵ کراوە (کیومرث) هەڵەیە و گایومێرت-ە- گایو: گەییو، کامڵ و تەواو، یانی مەردی گەییو و کامڵ. (شەپۆل)

لە بەشی ٥٥ ئیلاهیاتی کتێبی تەلویحاتدا، خەونێك دەگێڕێتەوە کە لەوا تـووشی نـووسەری پـەڕاوەی (ئـەسۆلـۆژیـا: ئـەثولـوجیـای) ئـەرەستۆ دەبـێ: (دیارە ئەم ئەوەی بە هی ئەرەستۆ زانیوە، دەنا لە ڕاستییا، هی فلوتینە) و لـێی دەپـرسێ: کـە ئـایـا مـەشائـیـیـانـێکـی وەکـو فـارابـی و ئـیبـنوسینـا بـە فەیلەسووفی بەڕاستی لە ئیسلاما، دادەنرێن یا، نا، ئەرەستۆش لە وەڵامیدا وتوویەتی: (یەك لـە هـەزاریش وا نییە) بەڵکو حوکەمای بەڕاستی (بستامی و توستەری) خواناس بوون.

سوورەوەردی فـەرمـوویـەتـی: ئـەم حیکمـەتـە گشتییـە جیـهـانـییە، بەهۆی بـاهۆی ئـەم زانـایانـەوە گوێزراونـەتەوە ئەم لاو لای جیهان. (هیرمیس- آگـاثـدمـون: (شیث)- ئـەسقـلـبـیـوس- فـیـثـاغـورس- ئـەنـبـاذقلس- ئەفلاتون (ونۆی ئەفلاتونیان) ذوالنون میسری- ئەبوسەهلی توستەری شاکاهینانی ماد و کورد و ئێرانی- کەیمورس (گایومێرت) فەریدون- کەیخەسرەو- بـایەزیدی بەستامی. مەنسووری هەلاج.)

شێخی ئیشراق سەبارەت بە بڕوای عیرفانیی خۆی فەرموویەتی: زۆربەی بیروڕای من لە ڕووی ریازەت و ڕێنوێنیی زەوق و چێژەوە بەدەس هاتووە، نەك لە ڕووی هزر و ئەندێشەوە. سا چونکە لە ڕێگای عەیان و دیتنەوە، بـەدەس هـاتـووە، نـەك لـە ڕووی بـورهـان و بـەڵگەوە، بەهـیـچ چێوە ختـەو دردۆنگییەك، لە ناو دڵ و دەروونم دەرناچێ.

ڕێگای من ڕێگای هەموو ڕێڕەوانی ڕێگای حەقە و بەیارمەتیی چێژە، گرێ کوێرەی مەبەستی زانستی دژوار و سەختم کردووەتەوە، شێخی ئیشراق فەرموویەتی: پێشەوای زانست و حیکمەت: (ئەفلاتوون)یش بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتووە، کە من گرتوومەتە بەر. شێخی ئیشراق لای وایە: (ماهییەت) ئەسڵە و (وجوود) ئیعتباری و ئەقڵییەو هەموو جیهان لە ماهییەت ساز دراوە و بەچار بەش ناو براوە، چونکا یا نوور و ڕووناکاییە، یا تاریکاییە، وە هەر یەکە لەم دووانە یا جەوهەرە، یا عەرەزە، نووری جەوهەری داگری نفووسە یا (بە قسەی نوورگەلی ئەسفەهبودی) و لە ڕوانگای ئەقڵ و

ئـاوەزگـەلـەوە پـلـە گـەلێکیـان هـەس، کـە بـەرزتـریـنـیـان (نورالانوار)ە– کە بەناوی نووری موقەدەس، نووری داگر، نووری ئەعلا، نووری ئەعزەم و نووری تریش ناو دەبرێن. مەنشەئو مەبدەئی هەموو ئەم نوورانە: (نور الانواری کامڵ)ە و لەولای ئەو نوورەوە شتێ تر نییە، کەوابوو لە ڕاستیدا هەر ئەو ڕووناکاییە بێ پایانەیە کە لە ئاڤێستادا ئاماژەی بۆ کراوەو بە (ئـەهـوورا مـەزدا) نـاوی بـراوە. بـەواتـایـێ تـر: (نـور الانـوار، علّـة الـعلـل) و مەبدەئی هەمووەو بەدیهێنەری جیهانەو هەموو شتێك لە پڕشینگدانەوەو ئیشراقی ئەون و نیازیشیان هەر بەوە. لە (نور الانوار) تەنیا یەك نووری موجەڕەد و ڕەبەن سەر ڕاست لەو بەدی هاتووە.

سوورەوەردی ئـەم نـوورە: (یـەکـەمـیـنـەی) بـە نـووری ئـەقرەب و نـووری گـەورە: (بـەهـمـەن) نـاو بـردووە، لـە نـووری ئـەقـرەب یـەك فـەلـەك کـە (فلك الافلاك)ەو لە نووری موجەرەدی دووەم بەدی هاتووە و لەم نوورەش نوور و فەلەکێ تر بەدی هاتووە، جا هەر بەم جۆرە تا نووری نۆهەم و فەلەکی نۆیەم کە ئاخرین فەلەکە، ئەم ئاخ و زەوینەی گرتووەتە باوەش. نووری ئەم فەلەکەش لە ناو دڵ و دەروون و مێشکی مرۆڤدا تیشك و شەوقی داوەتەوەو ئیدراکی مەعقولاتی  بۆ ئینسان ئاسان کردووە. ئەم تیشك و نوورە کە، لەگەڵ سەرچاوەو سەرەتای گشت ئەمانەیە  کە نورالانوارە، هەر ئەوەیە کە فارایی و بوعەلی سینا بە (عوقولی عەشەرە) ناویان بردووەو هەموویان لە فەیزی خواییەوە زانیوەو ئاخرینی ئەوانەیان بەئەقڵی فەععال ناو بردووە. بـەبـڕوای شێخـی ئـیشراق، نـووری عـەرەزی بـریـتـیـیـە: لـە ڕوونـاکـایـیـی مـەحسووس وەکـو نـووری (ڕۆژ): خـۆر، ئـەستـێرە، ئـاگـر، – تـاریـکـایـی جەوهەریش بریتییە: لە (ئەجسام) واتا: شتگەلێ کە بشێ ئاماژەیان بۆ بکرێ و جێگای عەرزبن. شێخ ئەمانەی بە (بەرزەخ نێو ناوە یا ناو بردووە)، تاریکایی عەرەزیش شتگەلێکن کە بتوانن بچنە سەر (ئەجسام) وەکو ڕەنگ و بێن و تام و تورشی و شیرینی و سوێری یا سووکی، قورسی، و سەنگینی و هی تر، کە شێخ بەبێژەی: (هەیئەت) قسەی لێی کردوون.

**نوکتە:** لە ساڵەکانی ٣٣ و ١٣٣٤ هەتاوی کە لە فێرگەی گوندی تورجان ئەمخوێند لە پاڵ کۆڵەکەی مزگەوتەکە، لای حەزرەتی حاجی بابا شێخی سەیادەت (سەرۆك وەزیرانی کۆماری کوردستان، مەهاباد) دانیشتبووم قسەی خواناسانی بۆ دەگێڕامەوە و باسی عیرفانی دەکرد، منیش عەرزم کرد ئەریّ قوربان! تۆ لات وایە، وجوود ئەسڵە یا ماهییەت؟ ئەویش فەرمووی: وجوود ئەسڵە، منیش وتم: قوربان تۆ ئێستا لە عیرفان ئەدوای، دیارە، لەسەر ئەو ڕچەی، شێخی ئیشراقیشی و ڕێبازی ئەوت لا پەسندە و ئەویش فەرموویەتی: (ماهییەت) ئەسڵە و ڕایشی گەیاندووە کە بڕوای من لە ڕێگای ریازەت و عیرفان و عەیان و دیتنەوە، بەدەس هاتووە، نەك هزرو ئەندێشەوە، کەوابێ بەهیچ تەشکیکی موشەکیکێك لە دڵم دەرناچیّ، تازە ئیمام فەخری رازی خوای لیّ بیّ رازی، بەو هەمووە زانایی و بیرتیژییەوە، کاتیّ چاوی بە تەلویحاتی شێخی ئیشراق، کەوتووە گریاوە کە بۆچ بە ڕێگای شێخی ئیشراقا، نەڕۆیشتووە، ئەی تۆ چۆن؟ بڕوات بە ئەسالەتی وجود)ە– بەداخەوە بانگی شیوانیان دا و دەرفەت بۆ شیکردنەوەی باسەکە نەما.

.موتەئەلیهینن.

شێخی ئیشراق لێرەدا، بەرەی مرۆڤ پەند ئەداو ئامۆژگاریی دەکا و فەرموویەتی: مرۆڤ دەبیّ ڕێزی ژیانی ئەم جیهانەی لەبەرچاو بیّ و بۆ پاکی و بێخەوشیی خۆی بکۆشیّ، تا وەکو پەری پاك بیّ و بەخواو (نور الانوار) بگا و سوود وەربگریّ.

**چریکەی تەمسیلی:** ئەم چریکانە پڕو تەژین لە ڕەمزی سۆفییانە، کە ئەز مودەی ڕۆحی تایبەتێك لەوانەدا بە زمانێکی زۆر، ڕەمزی قسەکراوە، ئەم چریکانە لە زۆر بارەوە لە چریکە، ڕەمزییەکانی سەتەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، وەکو (پارسیفال)، دەچیّ. بۆ وێنە: (ئاوازی پەڕی جوبرەئیل کە لەگەڵ چریکەکانی تری شێخی ئیشراق لە زۆر شتا، هاوبەشە، ئەمە خۆی دوو بەشە **لە بەشی یەکەمدا** فەقیّ یا قارەمانی چریکە: (تەمسیلی)یە کە،

لـە حـەکـیـم و زانـایـەك قسە دەکـا کـە: (پێغـەمبـەری دەروونـی ئـەو) وەکو ڕێنوێنی ئەو، بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان، لەو زانایە دەپرسێ: ماڵی لە کوێیە؟ ئەویش لە وەڵامیدا دەڵێ: (کەس نەزان ئاوا) کە لە ڕاستیدا سەر زەوینی خەیاڵییەو لەم جیهانەدا، وجوودی نییە یانێ: لە جیهان سێ ڕەخی: (سێ بوعدی) بانترە، جا دوای ئەوەی فەقێکە زانیی مامۆستا لە کوێوە هاتووە، سەبارەت بە هەموو سۆنگەکانی زانست و حیکمەت پرسیاری لێ دەکاو **لە بەشی دووەمی:** (ئاوازی پەڕی جوبرەئیل) دا فەقێکە بە مامۆستا دەڵـێ: (ئـیسمـی ئـەعظم)م فێرکە، ئـەویش لـە سەرەتـاوە زانستـی (جـەفر)ی فێردەکا، کە زانستی دەروونی، بەواتای نهێنیی پیت و بیژەیە، لە ڕێگای ڕەمزو تەمسیلی عەدەدی ئەوانەوەیە.

لە پاشان فەرموویەتی: خوا بێژەو کەلیمەی وەکو پەری خولقاند، پیتی ئەعلای خولقاند کە زۆر لە پەری بانترە، هەر وەکو نوورو تیشکی خۆر، لە تیشکی ئەستێرە زیاترەو زۆرترە، مرۆڤیش پیتێکە لە خواو ئاوازی پەڕی جوبرەئیل. جیهانی تاریکایی و نیسێ یا (مەغریب: رۆژ: خۆراوا) سێبەرو نـیسێ و تـاریکـاییی بـاڵی چـەپی جوبـرەئیلـە، هـەر وەکو جیـهـانـی نـوورو ڕووناکایی مەلەکوتی یا: (ڕۆژ یا خۆرهەڵات) دەنگ دانەوەییێکە لە باڵی ئەو، بەم جۆرە هەموو بوونەوەرێك لەم جیهانەدا لە ئاوازی پەڕی جوبرەئیل بەدی هاتووە، لە سۆنگەی کەلیمەو ئاوازی پەڕی ئەم پەرییەیە، وەنێزیك بوون لە خودایە، کە بەرەی مرۆڤ پەیابووەو هەر لە سۆنگەی کەلیمەشەوە، واتا: بەناوی خوایە کە مرۆڤ پێ دەگا و دەچێتەوە سەر بنەڕەتی داڕێژراوی خـۆی و دەچـێتـەوە لای خـوای خـۆی. زۆربـەی ڕووداوەکـانـی چـریـکـەی تەمسیلی شێخی ئیشراق بەتایبەت لە چریکەی: (غوربەی غەربییە)دا، کە لـەودا، داکـەوتـنـی مـرۆڤ بـۆ نـاو جیـهـانـی مـادە (ئـەنبووژەنـی) بـە ڕەمزی غوربەت و دوورەوە خستن بۆ ڕەخی مەغریب: (ڕۆژاوا) بەیان کراوە، لەم چریکەدا، ئەم داکەوتنەو کەوتنە خوارەوەیە، بەوێنەی کەوتنە خوارەوەی مـرۆڤ بـۆ نـاو چـاڵاوێك لـە شاری (قـیـرەوان)دا تـەعبیر کراوە– قیرەوان

شارێکە لە تونسا، کە ناوەندی کاروانی بازرگانی بووەو ناوە بۆ وڵاتێ کە کێوی سەوزی ئەتڵەسی: (ئەخضەر) لە باکوریدایە، سەری نوختەی خۆراوای جیهانی ئیسلامەتی بووە. جێگای ئەسڵیی ئەو، کە لەوێوە ڕۆیشتووە، ئارەزووی وابووە، کە دووبارە بگەڕێتەوە ئەوێ کە: (یەمەن)ە، کە لای ڕاستەوەیەو ڕەمزی خۆرهەڵاتە: (یەمەن) بەواتای (لای ڕاستیشە).

**یەمەن لە زمانی عەرەبدا:** بەواتای: دەستی ڕاستیشەو بە واتای خۆرهەڵاتی نوورگەلیشە، چونکا، ئەگەر کەسێ ڕوو بە باکور: شیمال راوەستێ خۆرهەڵات دەکەوێتە لای ڕاستەی، نووسەرانی ئیسلامەتی ئەوەیان لەگەڵ لای ڕاستەی شیوەڵێك کە حەزرەتی مووسا پێغەمبەر لەوێدا بانگکردنی خوای بیستووەو هەروەها لەگەڵ حیکمەتی حەزرەتی سلێمان پێغەمبەر، حیکمەتی سازدراو لەسەر بنەڕەتی وەحی و ئیشراق بە یەك واتای زانیوە. (یەمەن) بەلای خاچدارانەوە بە واتای: گوڵی سوور، یا ڕۆز: نکروسیان هاو): یارانی گوڵی سوور و خاچە، لە سەتەی ١٦ی زاینیدا کە (ئورووپایان) پەیڕەوی چۆرێ برایەتی باتنی دینی و فەلسەفی بوون، مامۆستاکان ئەوانەیان بۆ بە دەستهێنانی مەعریفەت دەنارده، یەمەن: (یەمەن: کۆڵەکە زێڕینە، هەسوونە زەرین، کۆلکە زێڕینە، ڕەنگین کەمان، قەوس و قەزەح–ە.

نوورەکەش واتە: (نەفس) بەر لە جیابوونەوە، لەو شوێنەوە کەوتووەتە ناو جیهانی (ئەنبووژەنی) هەر وەکو گەوهەری مەلەکووتی و پەرییەك، کە لەوێدا لانی هەبووبێ.

لە سەرەتای ئەم چریکەیەدا نووسراوە: بو عەلی سینا ئەو زانا بلیمەتە کوردە گەیشتووەتە سەرچاوەی حیکمەتی ئیشراق، بەڵام بەتەواوەتی بۆی دەرنەکەوتووەو باش بۆی کەشف نەبووە.

**نوکتە:** سەرنجڕاکێشە ئیمام فەخری ڕازی کە یەکێك لە گەورەترین

موخالیفانی فەلسەفەیە و لەگەڵ شێخی ئیشراقیشا هاواڵ فەقێ بووە کاتێ چەن ساڵ دوای ئەوەو دوای مەرگی شێخی ئیشراق نوسخەیەك لە کتێبی (تلویحات)ی شێخی ئیشراقی بۆ دێنن دەیگرێ و ماچی دەکا بۆ یادو بیرەوەریی ئەو دۆستە، هاواڵ فەقێیەی خۆی کە ئاوا ڕچەیەکی بە دژی ئەو دۆسە: زانا بلیمەتە گرتبووە بەر، گریاوەو فرمێسکی بەخوڕ لە چاو هاتووەتە خوار، شێخی ئیشراق حیکمەتی ئیشراقی زیندوو کردۆتەوەو بە کەماڵی گەیاندووە، ئیشراق یا حیکمەتی ئیشراق فەلسەفەیەکە لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و حیکمەتی نەو ئەفلاتوونی: (حەوزەی عیلمی ئەسکەندەرییە) سەرچاوەی گرتووە، زیندوو کارەوەو برەودەری ئەم حیکمەتەیە، لە ئیسلاما، شێخی ئیشراقە، ئەم فەیلەسووفە بێجگە لەوەی کە لە فەلسەفەی ئەفلاتوون و نەوئەفلاتوونی کەڵکی وەرگرتووەو لە حیکمەتی باو لە کوردستان و ئێران بەتایبەت لە فەلسەفەی موتەمایل بە عیرفان کە لە ڕچەی زەردەشتا هەبووە، شێخی ئیشراق ئەوەی بە (هەوێنی خەسرەوانی ناو بردووەو سورەوەردی سوودی لێ وەرگرتووە) کەوابێ فەلسەفەی شێخی ئیشراق جۆرێ گوڵەوە چنینە لە هی ئەفلاتوونیان و ئاینی زەرتوشت پێغەمبەری کورد، هەرچەند ئەو خۆی فەرموویەتی سەرلەنوێ حاڵەتی وەحدەتم بە (الحكمة اللدنيّة والحكمة العتيقة) داوە، بنەڕەتی ئەم ڕێبازو ڕچەیە، گەیشتن بە حەقیقەت و ڕاستییە لە ڕێگای کەشف و شهوود و ئیشراقەوە، ئەم فەلسەفە بە (فەلسەفە و حکمەتی ئیشراق) بەناوبانگە.

**حیکمەتی ئیشراق:** هەندێ کەس بەردیان بۆ سورەوەردی فڕێ داوە کە لە ئاینی بێ خەوشی ئیسلام وەرگەڕاوەو بەرەو ئاینی زەرتوشت ئاوڕی داوەو سەرلەنوێ وەردی داوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبووە و شتی وا نەقەوماوە، هەر وەکو لە بەرا ڕوون کراوە، سوورەوەردی تەمسیل گەل و ڕەمزی زەردەشتی بۆ بەیانی بیروڕای خۆی زۆر لەبەر چاو زەق داناوە.

هەر وەکو (جابری کوڕی حەیان)یش بەر لەو ڕەمزەکانی (هیرمیس)ی

بەکارهێناوە، دیارە ئەمە نیشانەی ئەوە نەبووە کە دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دواوەو خۆی لێ گۆڕاوە، ئەمە گونجاوی و خونجاویی ئیسلامە، کە بووەتە هۆی ئەمە کە ئەو بڕوایانە لە ناو خۆیدا گوم بکا، لەو ناوەو باری دەروونیی ئیسلامەتی ئەم شیاوییەی پێ دراوە، تا لە حیکمەتی ئاینی بەروو، تەك نەدا بەو لاوە، چونکا هەمووی لە قورئانا هێناوە و شێخی ئیشراقیش بەڕاستەو پاستە کردن، لەوی دەرهێناوە، خەڵکی بەپەیڕەو، بەدووی خۆی داوە، بەقسەی (ماسینیون) ڕوحانییەت، لە ئیسلاما، وەکو نوورو تیشکێك لە گەلانی کوردو ئێرانی داوەو جیهانی دیاری لە پشتی مەنشووری درەخشانی چریکەی کۆنی خۆی، وەبەر تێڕوانی و نووری چاو داوە.(١)

**گرینگترین ڕاڤەی حیکمەتی ئیشراق:** ئەوانەی وا کتێبی (حیکمەتی ئیشراق) یان ڕاڤە کردووە.

١– (شارەزووری شەمسەدین) نووسەری (نزهة الارواح وروضة الافراح)ە، ئەم پەڕاوە ژینناوەری (ژیانـنـامـەی) شێخی ئیشراق و مێژووی فەلسەفەیەو کتێبێکی زۆر گرینگ و جێگای بڕوایە، کە لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە لایەن (زیائەدین) دەرییەوە، کراوەتە پارسی و لە تاران لە چاپ دراوە.

ئەم شارەزوورییە، فەقێ و یارمەتیدەر و هاوکاری شێخی ئیشراق بووە.

٢– قوتبەدین شیرازی– ئەم زاناو حەکیمانەش (سەدرەدین شیرازی و هادیی سەبزەواری و شێخ ئەحمەد ئیحسائی، دانەری مەسلەکی شێخییە و زانایانی تریش بەدووی ڕچەو ڕێبازو بڕوای شێخی ئیشراق کەوتوون و کەوتوونەتە بەر شوێن دانانی فێرگەی ئیشراق، ڕاڤەی قوتبەدین شیرازی بە ناوی شەرحی باو، کەوتە ناو، بوو بەدەرس و

١– پەڕاوەی ماسینیون پەڕەی ١١– چاپی ١٩١٤ز.

باو، چاپی سەنگی کۆنەی (حكمة الاشراق) ئەم کتێبە بەنرخە لە خولی قاجارییەکانا، لە فێرگەکانا بەدەرس دەوترایەوە.

شەرحی قوتبەدین شیرازی و کۆبەی مەڵاسەدرا کە سێ سەتە درەنگتر نووسراوەتەوە، بەکەناری (حكمة الاشراق)ەوەیە.

**نوکتە:** نێزێك کردنەوەی بیروڕای ئیبنی سینا بە سوورەوەردی لە لایەن قوتبەدین شیرازییەوە ورده ورده، دامەزراو لە لایەن مەلا سەدراشەوە پتەوکرا. دەشێ بێژین قسەکردن لە نوور و نموود گەلی نوور لای ئیشراقییان پلەیێ گرینگی هەبووە، بوویە لە سەتەی ناوەڕاستا، عەللامە کەماڵەدین کورد، ئەبو فەتح (موسا) کوڕی ئەبولفەزل، یونس کوڕی محەمەد کوڕی مەنعە کوڕی مالیك کوڕی محەمەد لە ڕاڤەو شەرحێکا کە لەسەر کتێبی (المناظر) کوڕی (هەیسەم) نووسیویەتی و مەبەستی (کۆلکە زێڕینەی) شی کردۆتەوە، ئەم کەماڵەدینە کوردە، فەقێی قوتبەدین شیرازی بووە.

٣- شارەزووری (ئیبنی کەمونە) ڕاڤەی لەسەر ئەم دوو شەرحە: (الصحائف، تەلویحات) کتێبی شێخی ئیشراق نووسیوە.

شارەزووری ئیبنی کەمونە: (عزّالدولة) سەعد کوڕی مەنسوور کوڕی سەعد کوڕی حەسەن کوڕی هەیبەتوللا کوڕی (کەمونە)ی شارەزووری کوردە، ئەم زانا فەیلەسووفە، ناوداری ئاخری سەتەی حەوتەمە. هەندێ لایان وایە لە ٦٨٣ یا لە ٦٩٠ی مانگیدا بارگەی بەرەو لای خوا تێك ناوە.

ئەم زانایە خاوەنی شوبهەی بەناوبانگە لە (تەوحیدا) خوا بە یەك زانین، کە (سەدرەدین شیرازی) لە شەرحی (هیدایە) و (لاهیجی) لە گەوهەری موراد، ئەمەیان هێناوەو ڕەدیان لە سەر داناوە.

نووسراوەکانی ئیبنی کەمونەی کوردی شارەزووری ئەمانەن:

١- ڕاڤەو شەرح لەسەر ئەم دوو پەڕاوەیە (شەرح الصحائف) و (تەلویحات).

٢– تەنقیح البحاث في البحث عن الملل الثلاث.

٣– ڕاڤەو شەرح لەسەر شەرحی ئیشاراتی ئیبنی سینا.

٤– عەللامە حیللی لە سەتەی هەشتەما تەلویحاتی سوورەوەردیی ڕاڤە کردووە.

٥– جەلالەدین لە سەتەی نۆهەما، ڕاڤەی لەسەر (هەیاکل النور) نووسیوە.

٦– (عبدالرزاق) لاهیجی لە سەتەی یانزەدا، پەڕاوەی (هەیاکل النور)ی شێخی ئیشراقی ڕاڤەو واتا کردووە.

دەشێ بزانین زانای فەیلەسووفی سەتەی حەوتەم (خواجە نەسیرەدینی تووسی) شوێنەواری شێخی ئیشراق، زۆر شوێنی تێ کردووە، با وەکو لەسەر ئیشاراتی ئیبنی سینا ڕاڤەیەکی پڕ واتایانەی نووسیوە و فێرگەی مەشائی دژ بە فێرگەی ئیشراقی زیندوو کردۆتەوە، بەڵام لە هەندێ مەبەستا، وەکو مەبەستی عیلم و زانستی خوا بەسەر جیهانا، کەوتۆتە بەر شوێنی فێرگەی ئیشراقەوە، لەم مەبەستەدا، بەئاشکرا بیروڕای بوعەلی سینای داوەتە دواوەو چووەتە سەر ڕێبازو ڕچەی سوورەوەردی و ئەمەی بەدڵەوە نووساوە، شوێنەواری شێخی ئیشراق لە نیمچە کیشوەری هێندیشا، جێگای سەرنج بۆ دەرس وتنەوە بووە.

لە ئێران و کوردستانیشدا، سەرەڕای ئەوەی لە فێرگەو حوجرەی فەقێیاندا بە دەرس وتراوەتەوە، لە زانستگەی ئیلاهییات و مەعاریفی ئیسلامەتیی زانکۆی تارانیشدا، کورسییەك، تایبەتی بۆ دەرس وتنەوەی (حیکمەتی ئیشراق) دامەزراوە.

لە جیهانی عەرەبیشا ئەم زانایانە کەوتوونەتە بەر شوێنی حیکمەتی ئیشراقەوە.

١– سوورەوەردی نووسراوی سامي الکیالي.

٢– سوورەوەردی نووسراوی ئەحمەد ئەمین قاهیرە ١٩٥٥ی زاینی.

٣– چەن بەشێ لە بارەی سوورەوەردییەوە، لە (فەلسەفەی ئیسلامیی:

(قاهیره ١٩٤٧–ز) نووسراوی ئیبراهیم مەدکور.

٤– هەندێ لە بابەت سوورەوەردی لە (شخصيات قلقة في الاسلام) قاهیره ١٩٤٦ز) نووسراوی عەبدورەحمان بەدەوی.

٥– (اصول الفلسفة الاشراقية) نووسراوی ئەبوڕەیان (قاهیره ١٩٥٢ز) لە ئێرانا: دوکتور مەهدی بەیانی موحسین سەبا، عەلی ئەکبەر دانا سرشت لە کتێبی (ئەفکاری سوورەوەردی و مەلا سەدرا چاپی ساڵی ١٣١٦ لە تاران)، وتارەکانی دوکتور سەید حەسەنی نەسر وەرگەڕاوەی سوورەوەردی بە زمانی ئینگلیسی.

تازە هەندێ لە بەرهەمەکانی سوورەوەردی کورد، لە خولی موغۆلانی هێندیشا وەرگێڕدراوەتە، سەر زمانی (سنسكريت) لە بەریشا شوێنەواری سوورەوەردی کرابوونە عیبری. بەم جۆرە بیروڕای سوورەوەردی گەیشتە دوو جیهانی لێك جیاوازی هێندی یەهوودی. هەروەها شوێنەواری سوورەوەردی لە لایەن (ئازەر کەیوان) موبیدی زەرتوشتی و پەیڕەوانی ئەو، لێی کۆڵراوەتەوە، لەم سۆنگانەوە، حیکمەتی جاویدانەی شێخی ئیشراق لە سنووری جیهانی ئیسلامەتی تێپەڕی کردووەو بە میراتی فەرهەنگی جیهانیێ ترەوە لکاوە.

**واتای ئیشراق:** جرجانی لە پەڕاوەی: (تەعریفات)دا ئیشراقیانی بە حوکەمای فەقێ و پەیڕەوی ڕچەی ئەفلاتوون داناوە. بەڵام (عەبدولرەزاق کاشانی) لە ڕاڤەو شەرحێکدا کە لە سەر (فصوص الحكم) ئیبنو عەرەبی نووسیوە ئدەڵێ: ئیشراقیان پەیڕەوی (شیث)ن.

ئیبنو وەحشییە، کە یەکەمین کەسە لە جیهانی ئیسلامەتیدا، کە زاراوەی ئیشراقیی بەکار بردووە، ئیشراقییان بەچینی کەهێنانی میسری داناوە کە زاڕۆڵەی خوشکی هیرمیس بوون. (بڕوانە پەڕاوەی شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام ابن وحشيه) پەڕەی ١٠٠ چاپی لندن ١٨٠٦. دوکتور (عبدالحليم منتصر) لە ژێر نێوی (ابن وحشية فى الفلاحة) (وهو اقدم الكتب

فی العربية دەنووسیٚ: (و انه نقل اكثر كتبه من اللغة النبطية ولم ينشر من تأليفه فی اللغة االعربية سوی شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام وقد ذكر فی آخر كتابه هذا انه ترجم من اللغة الكردية كتاباً فی علل المياه وكيفية استخراجها واستنباطها من الارض المجهولة الاصل- كتێبیٚ كۆزانی فەرهەنگی زمانی كوردی پەڕەی ١١٤ چاپی دووەم ٢٠٠١/٢/٣ ز. و قاموسی كوردی ئەورەحمان زەبیحی پەڕەی ٣٨ چاپی ١٩٧٧ ز. و مجلة العربی كويت ژمارەی ٢٠٠.)

**نووسراوەكانی سوورەوەردی:**

١- تەلویحات ٢- موقاوەمات ٣- مطارحات

سوورەوەردی لەو سیٚ پەڕاوەیەدا، لە گۆڕینیٚ كە بەسەر فەلسەفەی ئەرەستوی دا هێناوە قسە دەكا. دەبیٚ بزانین شاكاری سوورەوەردی (حكمة الاشراق)ە- كە تایبەتی، بەیانكردنی بیروبڕوای ئیشراقییە.

٢- (هەیاكل النور- الالواح العمادية)، كە ئەمەی بەعیمادەدین پێشكەش كردووە كە هەردوو بە عەرەبی و پارسین و لەم دووانەدا كاكڵەی: (تەلویحات و موقاوەمات و مەتاریحات)ی بە زمانیٚ سادەتر، كورتتر ڕاگەیاندووە.

٣- پرتەونامە: (فيِ اِعتقاد الحكماء)- اللمحات- یەزدانشناخت و بۆستان القلوب.

دەڵێن: ئەم دوو پەڕاوە هی (عين القضاة هەمەدانی) یا هی (سەی شەریفی جورجانی)ن، بەڵام ڕاست ئەمەیە، نووسراوەی سوورەوەردی بن.

**نوكتە:** بەسەرهاتی سوورەوەردی، وەكو چارەنووسی (حەلاج) و (عين القضاة) وایە. (عين القضات) خاوەنی (زبدة الحقائق وتمهيدات)ە- «عين القضات» عارف بووە، نەك فەیلەسووف، دەڵێن شێخی ئیشراق زۆریٚ لە خوناسان و عاریفانی دیوە و چووەتە زیارەتیان، چووەتە ئاناتۆلی و شام

و دیمەشق و حەلەب، لەوێ: (حەلەب) چاوی بە مەلیك زاهیر كوڕی سەلاحەدین كەوتووە، مەلیك كە زانایان و خواناسان و فەیلەسووفانی زۆر خۆش ویستووە، ئۆگری حەكیمی گەنج و لاو: شێخی ئیشراق دەبێ و تكای لێ دەكا، كە لە دەربارى ئەوا لە حەڵەب بمێنێتەوە.

سوورەوەردی كە شامی زۆر پێخۆش دەبێ، لەوێ بە تكای مەلیك زاهیر دەمێنێتەوە، بەڵام بێ باكی و زانایی و بێ پەردە قسەكردنی شێخی ئیشراق كە مامۆستایەكی بێ لف لە فەلسەفەو تەسەوفا بووە، دەبێتە هۆی بەخیلی تووشی كەندو كۆسپی دەكەن و لە ٥٨٧دا دەكەوێتە زیندان و لە ٣٨ ساڵیدا دووچاری چارەنووسێ نادیار ئەبێ، وەكو حەلاج و عین القضاةِ بەسەردێ.

٤- ئەقڵی سوور ئاوازی پەڕی جوبرەئیل غوربەی غەربییە. (لۆغەتی موران) حاڵەتی منالی، ڕۆژێ لەگەڵ حەشیمەتی سۆفییان، میعراج، دەنگی سیمورغ كە سوورەوەردی لەم چریكانەدا، گەڕانی نەفس لە ناو پایەی وجوود. (بوون) (بوونەوەری)دا و گەیشتن بە ڕزگاری و ئیشراق قسەی كردووە.

٥- ڕاڤەی قورئان، حەدیس، وەرگەڕاندنی (حەدیس): فەرموودە.

(رسالة الطير) و ڕاڤەكردن لە حەقیقەتی ئەوین عیشقا كە لە ڕووی ریسالەی عیشقی ئیبنوسینا داینـاوە، دەڵێن: شێخی ئیشراق ڕاڤەی لەسەر (فصوص فارابی)ش نووسیوە.

٦- (الواردات والتقدیسات)، دوعا و پاڕانەوەیە، بە زوانی عەرەبی، دەڵێن، شێخی ئیشراق بەو تەمەنە كەمەوە، زیاتر لە ٥٠ كتێبی نووسیوە.

**چینی زانایان:** حیكمەتی ئیشراق لەسەر كەشف و شهوود و بەڵگە و بورهان دانراوە، یەك لەوانە لە سەفای دڵ و دەروون و ئەوی تریشیان لە پەروەردە كردنی هێزی ئەقڵ و ئاوەز بەدەس دێ، دیارە ئەگەر یەكێك لەو دووانە یا هەردووكیان پێ بگەن چینی زانایان ئەبنە چوار پۆل.

١- ئەوانەی وا لە فەلسەفەی ئیستدلالی و ئیشراق و عیرفانا پێ گەیشتوون.

٢- ئەوانەی وا تازە هەستی تینوویەتییان کردووەو، بۆ دۆزینەوەی ئاو ئەگەڕێن.

٣- ئەوانەی وا لە فەلسەفەی ئیستیدلالیدا، گەیشتوونەتە پلەی کەماڵ، بەڵام لە عیرفانا بێگانەن، سوورەوەردی: (فارابی) و (بووعەلی سینا) لەم تاقمە دادەنێ.

٤- ئەوانەی وا لە فەلسەفەی ئیستیدلالی و ئیشراق و عیرفانا پێ گەیشتوون، سوورەوەردی: ئەمانە بە حەکیمی موتەئەلیهە ناو دەبا، فیساغورس و ئەفلاتوون و، لە جیهانی ئیسلامەتیدا خۆی: (شێخی ئیشراق) لەم تاقمە دەژمێرێ، (دەتوانین مەلا سەدرای شیرازی):- (صدر المتالهین) و تاقمێ تر لە حوکەمای ئێران بە موتەئەلیهین نابەرین، لە بان ئەم چوار چینەوە (قوتب) و زنجیرەی عاسمانی هەن کە نفووسی بەرەی مرۆڤ لەوانەوە، ئیشراق وەردەگرن و لەگەڵ قوتبا دەبنە یەك.

**زاراوەی ئیشراق:** هەم بە واتای جیهانی نوورو ڕۆژ، خۆرهەڵاتە، وە هەم بە واتای نوورو نوورانی بوونە- حیکمەتی ئیشراق و بنەڕەتی ئەوە:

پەڕاوەی (حیکمة الاشراق) لە ساڵی ٥٣٢ی مانگیدا دانراوەو یەك بەرکوڵ و دوو بەشە، لە سەرەتاوە، قسە لە مەنتیق ئەکاو لە ڕەوشتی ئەرەستوویی ڕەخنە دەگرێ و قسەکانی وی، بە کایەکردن بەبێژە دادەنێ و عەرەز لە نۆوە دەینێتە سەر چوار نیسبەت، کەیف، کەم، حەرەکەت و بەیەك بوون، لەگەڵ حەق و پلەی وەجد و شادی و سروور دوایی دێ. وە لە باری ویژاوەریشەوە، یەکێکە لە پەڕاوە دیارەکانی جۆری خۆی.

**ڕەخنە لە فەلسەفەی مەششاء:** ئەم ڕەخنە گرتنانەی شێخی ئیشراقە، لەبەر ئەوە بووە تا جێگا بۆ سەلماندنی بیروڕای ئیشراقی خۆی خۆش بکا، سوورەوەردی: (ماهییەتی بەئەسڵ زانیوە و وجوودی بەوەچە داناوە) ئەم بیرە، وە بەر دڵی میر داماد کەوتووە، بەڵام مەلا سەدرا ئەمەی پەسەند نەکردووە، هەموو حیکمەتی ئیشراقی، لە سەر (ئەسل بوونی وجوود) ڕاڤە

کردووە و ئیلاهیاتی: (ئەسالەتی وجوودی) کردۆتە جێنیشینی (ئەسالەتی ماهییەتی) کە ئەمە بەر ئاوەژووی بیروڕای سوورەوەردییە.

**نوکتە:** هەندێ لە ئوستادانی فێرگە ئیشراق و حەکیمی ئێرانی، وەکو عەسار دەڵێن: نوور لە نووسراوەکانی سوورەوەردی دا هەمان وجوودە، هەروا، لە قسەکانی مەلا سەدرادا، کە وابێ دژایەتێك لە نێوانا نییە. شێخی ئیشراق بڕوا بە (سورەت و مادە) دەکا، کە بڕوای فەلسەفەی تەبیعی مەشائییانە، بە بڕوای سوورەوەردی و ئیشراقیانێ تر، جیهان بریتییە لە: پلەی نوور و تاریکایی. دیارە تاریکاییشی بە نەبوونی نوور، واتا: کردووە و دەڵێ: (سوورەتی) ئەفلاتوونیش هەر ئەو پەرییەیە، کە ناوی: (رەقیب)ە و هەر شتێك ڕادەگرێ و ڕاگیری دەکا، وە نوورێکە، کە چووەتە ناو کلێشەی هەر جیسمێکەوە و بەهێزی ئەوە جیسمەکە، شیاوی هەبوون و وجوود پەیا دەکا.

شێخی ئیشراق قسەی فەنا نەبوونی نەفس-ی بەلای مەششائییانەوە بە سست زانیوە، فەلاسیفەی پەیڕەوی- ئەرەستۆ زیاتر لە بیری ئەوەدا بوون، نەفس بناسێنن، بەڵام سوورەوەردی لە بیری ئەوەدا بووە، مەبدەئی مەلەکوتیی نەفس بدۆزێتەوەو بیسەلمێنێ کە ئێستا لەم حاڵەی خۆیدا بێ بەخت و گرفتارە، ئەیویست چارەیەك پەیا بکات تا نەفسی لە زیندانی زەوێنی یا (تەبعیدگای غەربی) خۆی ڕاکاو بچێتەوە، مەنزڵی ئەسڵی خۆی، چونکا بەختەوەری و هێمنی تەنیا لەوێ گیردێ.

**دیتن:** پەیڕەوانی ئەرستۆ، هەموو لە سەر ئەم بڕوایە بوون کە لە دیتنا نوورو تیشکێ کە لە جیسمەوە دەدرەوشێتەوە، دەدا لە گلێنەی چاو و لەوێشەوە ئەگاتە حیسی هاوبەش و ئاخرییەکەی دەگاتە نەفس کە بەم جۆرە شتەکە و جیسمەکە، دەبینێ بەڵام ریازی زانانی لە کارزان، بڕوای دژی ئەمەیان هەبوو و ئەیانگوت: نوور و تیشکێ لە چاوەوە دەڕوا کە سەرەکەی لە گلێنەی چاودایە و قاعیدەکەشی لەسەر شتێکە، کە دەبێ ببیندرێ.

سوورەوەردی ئەم دوو بڕوایە ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ: عەمەلی فیزیکیی دیتن بە ئیشراقە، کە هەموو ناسین و زانینێك سوود لەوە، وەردەگرێ. هەر کەسێك دەتوانێ شتێك ببینێ کە ڕووناکە، لە ئاوەها هەلومەرجێکا نەفسی مرۆڤی تەماشاگەر، ئەو شتە دەور دەدا کە بەنوور، ڕووناك دەبێتەوە، هەر ئەم ڕووناك بوونەوە و ئیشراقەیە، کە ناوی (دیتن)ە.

بەم جۆرە تەنانەت دیتنی فیزیکییش لە ڕەنگی ئیشراقی ناسین و مەعریفەتا، هاوبەشە.

شێخی ئیشراق لە (کژ) فەسل و بەشەکانی تری (حیکمَةُ الاشراق)دا لە واتای نوورو پلەو پایەی نوورو تەمسیلاتی نووری، و، پەری ناسی، فیزیك و زانستی نەفس «علِمُ النَفسْ» و ئاخیرەت و یەکیەتیی ڕۆحا، ڕۆحانی قسە دەکا.

**نور الانوار:** سوورەوەردی دەڵێ: هەموو شتێك تاریکە، دەبێ بەنوور، ڕووناك بکرێتەوەو بناسرێ. دیارە نوور خۆی تاریفی ناوێ و بە هیچ شتێ نا ناسرێ؛ چونکا خۆی ناسینەرە، نووری مەحز، کە سوورەوەردی بە (نور الانوار) ناوی دەبا حەقیقەتی ئیلاهی، کە ڕووناکی ئەو لەبەر وزەو بەهێزبوون و توندی نوورانی بوون، کوێر کونەندەیە، نووری ئەعلا سەرچاوەی هەر بوونەوەرێکە، چونکا جیهان لە پلەو پایەی واقیعییەتی خۆیدا شتێك بێجگە لە پلەو پایەی جیاجیای نوور و تاریکایی نییە.

**بەڕێگای خوادا:** قسەکانی سوورەوەردی لەم بابەتەوە بەم جۆرەن:

زاتی یەکەم واتا: نووری موتلەق، کە خودایە، هەمیشە نوورئەفشانی دەکاو لە (ئیشراق) دایە، لێرەوە زاهیر دەبێ و هەموو شتێك بەدی دێنێ و بە نووری خۆیی ژیان ئەبەخشێ، هەر شتێك لەم جیهانەدا لە نووری خوا جیا دەبێتەوەو هەر جوانی و خوشیکی و پێگەیشتنێك مەوهەبەتێکە لە ڕەحمەتی خواوەو ڕزگاری بریتییە: لە گەیشتنی تەواو بەم نوورو ڕووناکییە. کەوابوو پلەی: (وجوودی) هەموو (مەوجوودێك) بەستە بە دەرەجەی نێزیکیی

ئەوانە، بە نووری ئەعلاو دەرەجەی ئیشراق و ڕوون بوونەوەی ئەوانەیە، ئەگونجیّ کەسیّ بە هەموو شتێك بڕوانیّ کە نوورە یا تاریکاییە، جا ئەگەر نوور بیّ ئایا ئەم نوورانی بوونە، لە خۆیەتی کە نووری موجەرەدی پیّ دەڵێن. یا لە سەچاوەیەکەوە، نوورانی بووە، کە نووری عەرەزی ناوە، تاریکاییش هەروایە، ئەگەر لە خودی گەوهەرە، غەسەق یا غاسیقی ناوە، بەڵام ئەگەر بە شتیّ تر تاریك بووبیّ: (هەیئەتی) ناوە.

سوورەوەردی لە دابەشکردنێکی دیکەدا دەڵیّ: یەك مەوجوود یا لە وجوود ئاگادارە یا نائاگایە، ئەگەر ئاگادارە، ئەم ئاگادارییە، یا لە خۆیەوەیەتی، وەکو نووری ئەعلاو پەری و نەفسی بەشەری و: (ربّ النوع) گەل بەم جۆرەن: یا بۆ ئاگاداری نیازیان بەشتیّ تر هەیە، وەك ئەستێرە و ئاگر، هەروا ئەگەر مەوجوودیّ لە خۆی غافڵ بیّ یا لە خۆیەوەیەتی و ئەمە عەینی تاریکییە، وەکو هەموو ئەجسامی تەبیعی یا تاریکییەکەی لە شتیّ ترەوەیە، وەکو ڕەنگ و بۆ، بەم جۆرە پلەو پایەی مەوجودات لێك جیان، بەڵگە بۆ ئەم جیاوازییە، نوورێکە، کە لە هەر یەکەیان دایە، ئەم نوورە هەمان ناسین و ئاگاداربوونە، بەم جۆرە، جیهان، لە نووری ئەعلا ڕاوەستاوەو سەقامگیر دەبیّ، بیّ ئەوەی یەك پێوەندی (ماددی:ئەنبووژەنی) وە (گەوهەری) لە نیوان ئەو دووانەدا هەبیّ، بێجگە لە مانەش (نور الانوار) لە هەریەکە، لە مانەدا جێنشین یا (تەمسیل) و، ڕەمزێکی ڕاستەوخۆی لە خۆیدا هەیە، وەکو ڕۆژ لە عاسمان، ئاگر، لە نێو عەناسرا.

نووری ئەسفەهبودی لە نەفسی ئادەمیدا، بەم جۆرە لە هەر شوێنێکا، نیشانەیەك لە (نور الانوار) کە «خودایە» دەبیندریّ و لە هەموو جێگایەك و لە ناو هەموو شتێکا خوا هەیەو حازر و نازرە.

سوورەوەردی بۆ ناوی (ڕەبوالنوعگەل) لە ناوەکانی ئەمشا پەسەندانەی زەردەشتی زۆر کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وینە بۆ (رەبّ النوع)ی ئاو (خورداد = زەردان) بۆ مەعدەن و گەنجینەو زەوین (شەهریوەر = سوران) بۆ گوڵ و گیا

(مورداد = گران) بۆ ئاگر (ئوردی بەهیشت = گوڵان)ی داناوەو بەم جۆرە موسوولیی ئەفلاتوونی لەگەڵ هێزی (ئەهوورامەزدا) لە ڕچەی زەرتوشتیدا لێك داوەو شێخی ئیشراق پەری مەزدایی یا بەختەوەری و هێزی عاسمانی بە ناوی (خۆر = خۆرە) کە لە ئاڤێستادا بە (خۆرەتە) لە پارسیشدا بە (فەرە) ناوی نیاوە (خۆرەتاو).

سوورەوەردی فەرموویەتی: بۆ مرۆڤ لە ناوەندی هەر نەفەسێکیدا، یەك نووری ئەسفەهبودی هەیە، کە تێکۆشانی ئەو ڕابەری دەکات، هەموو بەرەی مرۆڤ بەتێکرایی لە ژێر ڕابەری جوبرەئیلا کە (رَبُّ االنَوْع)ی بەرەی مرۆڤی ناوەو سوورەوەردی ئەمەو (ڕوّحُ الْقُدُسْ) و ڕۆحی محەمەدی و ڕاگەیێنەری (وَحِی) بە یەك دەزانیّ و جوبرەئیل بە ئیلهام هێنەری هەر ناسین و مەعریفەتێك دادەنیّ.

شێخی ئیشراق لە لاپەڕەی ١١ و ١٢ کتێبی سەفیری سیمورغدا (نوسخەی خەتی ژمارە ١٧٥٨ کتێبخانەی میلليی تاران) فەرموویەتی: ئەو کەسانەی وا دەسیان بە عیلمی شوهودی گەیشتووە، پێنج تاقمن:

١– ئەوانەی وا دەڵێن: لاإلهَ الاّ اللهُ.

٢– ئەوانەی وا ئەبێژن: ولا هُوَ الاّ هُوَ، ئەوە، لەو، بەدەر، شتیّ و کەسیّ تر نییە.

٣– ئەوانەی وا دەڵێن: لا أَنتَ الاّ اِنْتِ (تویّی لە تۆ بەدەر، شتیّ و کەسیّ تر نییە).

٤– ئەوانەی وا دەڵێن: لا أَنِا الاّ أَنَا: (کەسیّ لە من بەدەر، نییە).

٥– ئەوانەی وا بە یەکیەتی و ئیتحادی کامل گەیشتوون دەڵێن: (وَكُلُّ شَیْئـیٍ هـالِكَ الاّ وَجْـهَـهُ: (بێجگە لە زاتی پەروەردگار هەموو شتێك تیادەچیّ).

شێخی ئیشراق بە پانزە نوور قایلە کە بە (اَبْوابِ عرفات نور) ناو براوە. (حِكْمَةُ الاِشْراق، پەڕی ٢٥٢ و ٢٥٤) نووری ٣ نوورێکە، وەکو ئاوی گەرم بەسەرا بڕژێ. نووری ٦ نوورێکە سووتێنەرە، لە وُزەوەیە، لە

ڕێگای بیستنەوە بەدەس دێ: نووری ٨ نوورێکە بە گەشەو خۆشی هێنەرە و مرۆڤ وادەزانێ بە تاڵەمووی سەرییەوە شۆڕبووەتەوە، زۆریش دەمێنێتەوە.

نووری ١١ نوورێکە لە سوێنگەی نەفس و گیانەوە، بەناو ڕۆحی نەفسانیدا ئەڵێتە خوارێ و هەموو دڵ و دەروون ڕووناك دەکاتەوە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە لەشی بەوێنەی پڕشینگێك خۆی لە باوەشی نوورانی خۆی گرتووەو لە ناو تیرێژو گرشە گرشی ئەوا، تاواوەتەوە. نووری ١٣ نورێکە دێت و دڵ و دەروونی مرۆڤ دەرفێنێ و ئەیباتە بیری خۆی. نووری ١٤ نوورێکە مرۆڤ هەست بە قورسی و سەنگینی دەکا. نووری ١٥ نوورێکە بە وزەی خۆی لەشی مرۆڤ ئەلەرزێنێ و هەموو جومگەکانی لەشی لێك جیا دەبێتەوەو ئەزیرێنێ.. (حِکْمَةُ الاِشْراق پەڕەی ٢٥٢ و ٥٤)

– سوورەوەردی یەکێکە لە دێهستانی بەشی قیدراری سەر بە شاری زەنجانەو لە بەشی ناوەندی: (بەخش) لە شێو و داوێنەی باشووری کێوی قیدار دایەو ٢٥ گوندی لەبەر دەسایەو ١٤٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیەو ئێستا ناوەندی شارۆڵکەی:(کرسف)ە– کە لە بەرا شارێکی چکۆڵە بووە.

شێخ شەهابەدین سوورەوەردی کورد خەڵکی سوورەوەردی نێوان زەنگان و بیجارەو لە سەتەی شەشەم لە ساڵی ٥٨٧ کۆچیدا، لە ٣٨ ساڵیدا، تیاچووە، ئەم فەیلەسووفە هۆزانە ناوداره کوردە بە شێخی ئیشراق وە بە شێخی کوژراویش بەناوبانگە. ئەمەش چەن هۆنراوەی کوردیی ئەو زاتە:

میرزا ئامانەن وێت مەدەرۆ خەم
نەجام مەمانۆ نە جەمشید نەجەم
نەهامدەم نەقەوْمْ نە هوونەرەس نە کەس
کەس و وەدەرد کەس نەبۆ، فریاد ڕەس
دڵسۆزان دڵ تەنگ بێ دەستەڵات بۆ
ڕوومان جەسەفەر ڕاگەی نەهات بۆ

«ئیشراق» ئومێدت وه ساقیی خوّر بوّ

تـا دوعـات جـه ڕووی قـیـامـەت سوّزبـوّ

بەنەقڵ لە جونگێ کە سەتەیەك بەر لەمە بە دەس نووسراوەتەوە.

سوورەوەردیـی: کـورد شێخ شەهـابـەدیـن حـەکیم–ی شەهـید ئـەبولفـەتح (یەحیا) کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەك، خوشکەزای شەهابەدین ئەبو حەفس عومەرە. ئەم زاتە عیلمی حیکمەت و ئوسوولی فیقهی لە مەراغە لای شێخ مەجدەدین جیلی ماموّستای ئیمام فەخرەدین ڕازی خوێندووە. سوورەوەردی: لە زانستی حیکمەت و فەلسەفەو فیقهـ و ئوسووڵ و عیلمەکانی تری باوی خولی خوّیدا کەس نەیتوانیوە شان لە شانی بدا. لە نووسین و قسە دابێژان و زمان پاراویشدا زوّر ناودار بووە. (قسە بیچێژە، دای بێژە، بی هاوێژە). ئەم کتێبانە نووسراوی ئەون: (تەنقیحات)، لە، ئوسوولی فیقهدا، (تەلویحات)، (هەیاکیلی نوریە) و (حیکمەتو لئیشراق)، ڕیسالەی، (غوربەتولغەریبە) و (مەتاریحات)، (ڕەمزولوەحی)، (مەبدەءومەعاد) بەزوانی پارسی. (بستانولقولوب)، (تەواریقولئەنوار). (نەفەحات)، (باریقاتی ئیلاهییە)، (نەغەماتی سەماوییە)، (لەوامیعولئەنوار) ، (کیتابی بەسەر)، ڕیسالەی، (عیشق)، (میعراج) ، (شەرحی ئیشارات). (بنواڕە گوّڤاری گرشەی کوردستان ژمارە ۲ و ۳ ساڵی دووەم چاپی تاران نەورۆز: خاکەلێوەو بانەمەر: (گوڵان)ی ۱۳٦۰ هەتاوی و ۱۹۸۱ ز. و ۲۵۹۳ی کوردی. کە ژمارەی یەکەمی لە ۱۹۸۱/۳/۱ز. بڵاو بوّتەوە بە بەرپرسی و سەرنووسەری و خاوەن ئیمتیازی (شەپۆل). ئەم قسە هی ئەو زاتەیە: (لو کان في الوجود شمسان لانطمست الارکان فابی النظام ان یکون غیر ما کان). سوورەوەردی، لە ساڵی (٥٤٩ی) مانگی لە دایك بووەو لە (٥٨٧ی) شرت و گوم کراوە.

ئەمەش نموونەی شیعری عەرەبیی ئەم زاتە:

أَبَـــداً تَـــحِـــنُ اِلَـــیْـــکُـــمُ الارواح

و وصـالُـکـم ریـحـانـهـا والـّراح

قـلـوب اهـل ودادكـم تشتـاقـكـم
والـى لـذيـذ لـقـائـكـم تـرتـاح
وارحـمـتــــا للعـاشقين تكلـــفوا
سـتــر المحـبــة والــهـوى فـضـاحَ!
بـاّلسرِ، ان بـاحوا تبـاح دمـاؤهـم
وكـذا دمـــاء الـبـــائـحين تـبـــاح
واذا هــم كـتـمـوا تحدث عـنـهـم
عــنــد الــوشاة المدمــع السحـــاح

ئەمەش وێنەی شیعری فارسی:

هـان تـا سر رشته خرد گم نكنی
خود را زبرای نيك و بدگم نكنی
رهرو توئی وا راه توئی منزل تو
هشداركه راه خود بخود گم نكنی

سوهرەوەردی واژەیەکی مورە کەبە لە:

١– (سوهر) کە بەزاراوەی کورمانجییە واتای (سوور)ە.

٢– وەرد: بەواتای (بەرد)ە کە لە ریشەی (بەرد)، وەرگیراوەو (ب) کراوەتە (و) واتا:

(بـەردی سوور) نـێوی گـونـدێکـە لـە بـیـجـار، کـە بـەردەسوورەی هـەیـەو کەوتووەتە باشووری ئاوایی (سوڵتانی)یەی، شاری (بیجار) و لە ٢ فرسەخیی (قیدار)دایە. وەرگرتن و وەرگێڕاندنی وتاری نەسر. نەقڵ لە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد... یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست بە قـەڵـەمـی (شەپۆل) چـاپـی ١٣٦٤ی هـەتـاوی چـاپـخـانـەی مـەهـارەت، تاران.

## پێڕست


سەرەتا ............ ٥

سوهرەوەرد ........... ١٨

زیندووی کوڕی بێدار ........... ٢١

شێخی ئیشراق ........... ٣٢